# هەڤپەیڤین لەتەک (شێخ ڕەزای تالەبانیی) ! لە خەودا !!

## بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم

گەدایی :جەنابت، ساڵی چەند لەدایکبوویت ؟

شێخ ڕەزا :هەروەکوو لە شیعرێکدا پێم وتوون:
(( کە عەبدوڵڵا پاشا؛ لەشکری والی سنەی شڕ کرد
(ڕەزا) ئەو وەقتە؛ عومری پێنج، شەش طیفلی دەبستان بوو)) *١*
جا عەبدوڵڵا پاشای بابان؛ ساڵی(١٢٥٨)ی هیجریی؛ واتە ساڵێک پێش ئەوەی بە ڕەسمیی ببێ بە میری بابان ؛ لەگەڵ والی سنەدا لە شاری مەریوان بەشەڕ هاتووە* ٢ *، جا بەوەی ئێوە زۆر لە ساڵی هیجریی نازانن؛ پێت بڵێم؛ ئەم ساڵی(١٢٥٨)ی هیجرییە؛ بەرانبەرە بە ساڵی(١٨٤٢)ی مەسیحیی . وەکوو وتوومە؛ لەو ساڵەدا؛ تەمەنم (٥-٦) ساڵان بووە، واتە لە نێوان(١٨٣٦-١٨٣٧) لەدایکبووم.
.........................................................................

گەدایی: بەڕێز (عەلادین سوجادیی)؛ نووسیویە :بۆ خوێندن چونەتە لای حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە **٣* ؟

شێخ ڕەزا :نەخێر، وا نییە، چونکە لەگەڵ (حاجی عەبدوڵڵا)دا هاوتەمەن بووین ! ئیدی چۆن ئەکرێ لەلای ئەو بخوێنم ؟ !ئەگەر ئەو نەوەی کەسێکی ناسراو بوو بێت؛ ئەوا منیش بە هەمان تەرز، ئەگەر عیلمی من لەو زێتر نەبوو بێت؛ لەو کەمتر نەبووە . ئیدی چۆن من لە کن ئەو ئەخوێنم ؟!
.........................................................................

گەدایی: ئەی دەوترێت؛ حاجی قادری کۆیی؛ لای حاجی عەبدوڵڵا خوێندوویە* ٤ *؟

شێخ ڕەزا: ئەوە هەڵەیەکی گەورەترە، چونکە حاجی قادر؛ لە حاجی عەبدوڵڵا گەلێک گەورەتر و بەتەمەنتر بووە !
.........................................................................

گەدایی: یا شێخ ، بەڕێز (مەسعوود محەمەد) شتێکی دی دەڵێت؛ کە حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە و جەنابت و حاجی قادری کۆیی؛ لەلای مەلا ئەسعەدی جەلیی؛ باوکی حاجی عەبدوڵڵا خوێندووتانە، بەڵام (کەیفیی)ی شاعیر؛ لای حاجی عەبدوڵڵا خوێندوویەتی و حاجی مەلا عەبدوڵڵا مامۆستای کەیفیی بووە...هەروەها دەڵێت: (( بە لامەوە ناشێت؛ کەیفیی لەو ساڵەدا هاتبێتە دنیاوە؛ کە بۆی دیارییکراوە، ئەگینا نەدەبووە فەقێ لای حاجی عەبدوڵا)) *٥*

شێخ ڕەزا: ئەوە سەر لەخۆ تێکدانە ! ڕاستە، ساڵی لەدایکبوونی کەیفیی بە تەواوی نازانن؛ بەڵام ئەوە ڕوونە؛ کە )کەیفیی(؛ زۆر لە (حاجی عەبدوڵڵا) گەورەتر بووە، هەڵەکەش لە گەورەیی تەمەنی (کەیفیی)دا نییە؛ بەڵکوو هەڵەکە لەوەدایە کە وا ئەزانن؛ کە) کەیفیی (لای حاجی عەبدوڵڵا خوێندوویە . چونکە (کەیفی)؛ لە من و لە (حاجی عەبدوڵلا)ش گەورەتر بووە...ئیدی چۆن ئەکرێت لەلای ئەو خوێندبێتی؛ کە ئەو لە تەمەندا لەم بچوکتر بووە...ڕاستە (حاجی عەبدوڵڵا)؛ بە فەقێیەتیی دەرسی ئەوتەوە، بەڵام دەرسی بە منداڵان ئەوتەوە، بەڵکوو هەر چوارمان (کەیفیی و حاجی قادر و حاجی عەبدوڵڵا و من ) لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی شاگرد بووین، هەموومان لە یەک ژووردا بووین، هەموومان شیعرپەروەر بووین و سەرمان دابووە شیعر، بەتایبەت دەستمان دابووە شیعر وتن بەسەر یەکتردا...تا ئەوەی بووین بە تاقم و فیرقە و بە من و (حاجی عەبدوڵڵا)؛ سەرمان کردە سەر (کەیفیی) و تا ئەوەی سیواییمان لەیەک هاتەوە و پەلی کێشا بۆ ناخۆشیی و عاجزیی و دانوومان پێکەوە نەکولا.

........................................................................

گەدایی: ئەی لەو نێوانەدا؛ (حاجی قادر) چیی ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی قادر) لەو بەینەدا؛ بێلایەن مایەوە، پشتگیریی کەسمانی نەکرد و دلی هەموومانیشی ڕاگرت و تا کۆتایی تەمەنیش؛ وەک هاوڕێی دڵسۆز بۆ هەردوولامان مایەوە .

........................................................................

گەدایی :هەموو سەرچاوەکانمان؛ یەک شت دووپات دەکەنەوە؛ سەبارەت بە تەمەنی (٢٥) ساڵیی تۆ ؛ بۆ وێنە؛ من نموونەیەکتان بۆ وەردەگرم:
بەڕێز(عەلی خورشید) دەڵێت: (( شێخ ڕەزا، ساڵی (١٨٣٥) لەدایکبووە و لە تەمەنی (٢٥) ساڵییدا؛ خۆی بە خوێندنی عیلمی عەرەبیی و ئەدەبیاتی فارسییەوە خەریک کردووە و پاشان ئەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی وڵاتانگەڕیی و لە ساڵی (١٨٦٠)دا بە حەڵەبدا چوە بۆ ئەستەمبوڵ )) *٦*

شێخ ڕەزا :ئەو قسانە؛ هەموو هەڵەن و بێ بیرلێکردنەوە و تاووتوێی ئەقڵ وتراون ! ئەصڵەن من لە دوای ساڵی (١٨٣٥) لەدایکبووم، وەک لە پێشتردا پێموتیت...بەڵام گریمان با قسەی ئەو بەڕێزە بێت و من لە (١٨٣٥) لەدایکبوو بێتم و لە(٢٥) ساڵییدا دەستم دابێتە خوێندنەوەی چیی و چیی....
ئەی نازانن؛ تەمەنی (٢٥) ساڵیی من؛ بەپێی ئەو ساڵی لەدایکبوونە؛ ئەکاتە ساڵی (١٨٦٠) ؟! دەی هەر خۆیشی وتوویە؛ ساڵی (١٨٦٠) بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستانە... ئەی مەگەر بەڕێگاوە شتم خوێندبێتەوە ! ئەوجار ئەوەت پێبڵێم، ئێمە هەر لە منداڵییەوە بەشێکی خوێندنمان لەسەر ئەدەبیاتی فارسیی و عیلمی عەرەبیی بووە؛ نەک لە (٢٥) ساڵیدا...ئەوەشت پێ بڵێم؛ ئەهلی کەرکوک؛ ئەوانەشی کە سەوادیان نەبووە؛ لە سەردەمی ئێمەدا؛ تیای نەبووە کە لە دوو زمان کەمتر بزانێت، چ جای ئەوەی کە من کوڕی کەسایەتییەکی هەرە نێودار و پێشەنگی کەرکووک بووم ، کە هەر لە منداڵییەوە فێری زمانەکانی (تورکیی و عەرەبیی و فارسیی) بووم.

........................................................................

گەدایی: جەنابت ساڵی چەند لە تورکیا؛ کە (ئەحمەد پاشای بابان)ت بینی ؟

شێخ ڕەزا: ساڵی (١٨٦٦) بوو، کە بۆ دووەمجار چوومە ئەستەمبوڵ....

........................................................................

گەدایی: ئەدی پێش ئەو (ئەحمەد پاشا) هەر لە تورکیا بوو یان نا ؟

شێخ ڕەزا: (ئەحمەد پاشا) ساڵی (١٨٥٣) لە (پاریس)ی پایتەختی فەڕەنگستان بووە، هەر لەوێ یارمەتیی (خۆدزکۆ)ی داوە و پێکەوە کاریان لەسەر ڕێزمانی کوردیی کردووە، تا کۆتاییەکانی ساڵی(١٨٥٤) پێکەوە کاریان کردووە، دواتر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بانگکرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ساڵی (١٨٥٥) ئەگاتەوە وڵاتی ڕۆم (تورکیا) *٧* لەوێوە؛ فەرمانی پێدرا و کردیان بە بەگلەربەگی یەمەن، ساڵی (١٢٧٢-١٢٨٠)ی هیجریی بەرانبەر بە (١٨٥٥-١٨٦٣/١٨٦٤)ی مەسیحیی؛ لە یەمەن بووە، دوای ئەوە ئەگەڕێتەوە ئەستانە، وەلحاصڵ کە من چوومە ئەستانە؛ هەمووی ساڵێک بوو؛ لە یەمەن گەڕابۆوە . *٨*

......................................................................

گەدایی: دەمەوێت بپرسم؛ ئایا بیروبۆچوونی تۆ و(حاجی قادری کۆیی) یەکانگیر بووە یان دژیەک ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە من و( حاجی قادری کۆ)؛ هەردوومان عاشقی دنیای شیعر بووین، لێ ئەو سەری دابووە شیعری کوردایەتیی ، جارجارە قسەی ڕووهەڵماڵراو لە شیعرەکانیدا بەدی ئەکرێت، لێ بەشێوەیەکی گشتیی؛ حەزی لە شیعری ڕووهەڵماڵراو نەبوو، لە سەردەمی تازە ئەزموون پەیداکردنی شیعردا؛ چەند شیعرێکی ڕووهەڵماڵراوی نووسی، بەڵام دوایی وازی لێهێنا . ئەو بە منی ئەوت؛ کە بەسە واز لە شیعری ڕووهەڵماڵراو بێنە و ئیدی ئەو شیعرانە لە تام دەرچوون و پێویستە شیعر بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و مەلا و وشکە سۆفییەکان بڵێیت، هەروەها (حاجی قادر) لەگەڵ (ڕەخنە)دا بوو، بەڵام ڕەخنەیەک؛ کە ڕووهەڵماڵراو نەبێت و بێ دەرپێ و زەق و لە بنی کوولەکەکەی نەدابێ، بەڵام ئەگەر ڕۆحی سوعبەتی تێدا بێت؛ قەیناکا....بۆیە لە شوێنێکدا؛ ئەوە ڕووی دەمی قسەی لە منە کە دەڵێت:

(( حەیفە بۆ مەردی ساحێبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیسیی و میز )) *٩*

بەڵام ئەو بە ڕێی خۆی و منیش بە ڕێی خۆم . چونکە بە ڕای من؛ ئەو وشکە سۆفییانەی کە (حاجی قادر) دەیڵێت؛ ئەگەر بە کوتەکە شیعرییەکانی من؛ نەهێنرابانە سەر ڕێی ڕاست؛ ئەوا بە قسەی نەرمونیان و جار جارە سەرکۆنەی (حاجی قادر) سڵ و کۆمەیان نەدەکردەوە...وەک پێشینان دەڵێن: (( قسەی لووس هەسانی کێرە )) ئەوجار ئەشوترێت: (( کوتەک، لە بەهەشتەوە هاتووە ! ))

ئەوجار شیعری منیش؛ هەر لە خزمەتی میللەت و کۆمەڵگەدا بووە، بۆ نا ؟ دەوڵەت و دەسەڵاتداران؛ هەر هەڵەیەکیان کرد بێت و پێیان لە بەڕە ڕاکێشا بێ؛ بە زەبری شیعر؛ سەریانم پێ کردوونەتەوە قاپیلکی خۆیان و قاچیانم پێ هەڵکێشاونەتەوە......

لە ڕاستییدا؛ بۆچوونی من و (حاجی قادری کۆ) لەبارەی (ڕەخنە)وە؛ جیاواز بووە، چونکە من کە خۆم ڕەخنەم گرتووە و هەجووی خەڵکم کردووە؛ ئەوا بە دڵێکی فراوانیشەوە ڕەخنە و هەجووم لە خەڵک قبووڵ کردووە، هەم خۆم حەزم لە ڕەخنەگرتن بووە؛ هەم لەوەیش نەپرینگاومەتەوە کە ڕەخنەم لێ بگیرێت . هەر بۆیە وتوومە:

(( بە دڵێکی فراوان؛ وەرە حاسڵ کە قەناعەت
لای ئەهلی ئەدەب؛ ڕەخنە، وەکوو غەمزەیی چاوە )) *١٠*

بەڵام (حاجی قادری کۆیی)؛ ڕەخنەگرتنی تەنێ بۆ خۆی بە ڕەوا ئەبینی و بە کەسی دیکەی ڕەوا نەئەدا ، (حاجی) خۆی بە کەسێکی لە سەروو ڕەخنەوە دائەنا، (حاجی) هەر بە تەبیعەت؛ بەخۆی کەسێکی هەست ناسک بوو، قسەی دژ بەخۆی پێ قووت نەئەچوو و لە دڵیا ئەمایەوە، (حاجی قادر) ئەڵێت؛ کەس بۆی نییە ڕەخنەی لێ بگرێت، هەرچەند بەرهەمەکەشی نابووت و خراپ بێت، هەروەها ئەو کەسانەش کە ڕەخنەی لێ ئەگرن؛ بە (حەسوود و ناشی) لە قەڵەمیان ئەدات، هەرچەندە لە خۆیشی سەرووتر بن.

(حاجی) ئەڵێت:

(( ئەوی حەسوود و جەهولن؛ لەئیم و ڕەخنەگرن
لە عەیب و ڕەخنەیی عالیم؛ بەریی دەبن ئودەبا
ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما )) *١١*

بەڵام ئەگەر سەیر بکەین؛ (نالیی) لەبارەی ڕەخنەوە؛ دەڵێت؛ ڕازییە کە ڕەخنە لە هۆنراوەکانی بگیرێت، بەڵام ڕەخنەیەک بێت؛ بەڵگەی لەتەک بێ، نەک بیانووپێگرتن و ماشەڕایی بێت، (نالیی) ئەڵێت:

(( لە جگەرگۆشەیی شیعرم؛ مەدە مەعنایی خراپ

بێ خەتا؛ کەس نییە ڕازی بێت کە لە ئەولادی درێ  )) *١٢*
..................................................................

گەدایی: ئەی باشە، (حاجی قادری کۆیی) لە ڕووی شاعیرێتییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی قادر)، شاعیرێکی بەتوانا و کارامە بوو فیکری شیعری زۆر بەهێز بوو، توانای وشەکاریی زۆری هەبوو، بەڵام زۆر خۆی لە قەرە نەداوە لەبەر خاتری مانا ...لە ڕووی شیعری کوردایەتییەوە؛ لە سەردەمی خۆیدا تاک بوو، چەندان جار؛ نامەشیعرمان بۆ یەکدی ناردووە و پێوەندییمان هەتا کۆتایی تەمەن؛ ساز و تەبا و خۆش بووە .
.....................................................................

گەدایی: وەک بزانم؛ تۆ و (حاجی قادری کۆیی) کاریگەریی شیعرییتان لەسەر یەکدی هەبووە، بۆ وێنە؛ (حاجی قادر) لە دێڕی دووەمی چوارینەیەکدا؛ دەڵێت:
(( عالەمێکم دی نەخۆش و یەک کەسی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا؛ غەیری قوڕمساغم نەدی  )) *١٣*
جەنابیشت؛ لە شیعرێکدا دەڵێیت:
(( ساغ لە دنیادا نەماوە؛ گەر قسەی ساغت ئەوێ
بێ هەزارت پێ نیشاندەم؛ گەر قوڕمساغت ئەوێ  )) *١٤*
جا من نازانم؛ کامتان لە کامتانی وەرگرتووە، یان کامتان لە دوای ئەوی دی وتوویەتی ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە کە من و (حاجی قادر)؛ کاریگەرییمان لەسەر یەکدی هەبووە، بەڵام ئەو شیعرەی کە وتت؛ گوایە هینی (حاجی قادری کۆیی)ە؛ هینی ئەو نییە . بەڵکوو ئەو چوارینەیە؛ هینی (سەید ڕەشید)ە، شیعرەکەی (سەید ڕەشید)؛ لە ڕاستییدا؛ بەمشێوەیەیە:
((چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ؛ جەرگێکی بێ داغم نەدی
ناڵەیی بولبول لە باغا؛ بێ قڕەی زاغم نەدی
عالەمێکم دی بە ناساغیی؛ یەکی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا؛ غەیری قورمساغم نەدی  )) *١٥*
ئەشتوانیت؛ بڵێیت؛ کە شیعرەکەی من؛ پشتڕاستکردنەوەی قسە یان شیعرەکەی (سەید ڕەشید)ە ، واتە شیعرەکەی من لە دوای شیعرەکەی ئەو هاتووە!
بەڵام بەدەر لەمە؛ من (٢٤) ساڵ لە  (سەید ڕەشید) گەورەترم و ئەزموونێکم پێش ئەو بەڕێکردووە و ئەتوانم بڵێم؛ کاریگەریی زۆرم لە سەری هەبووە و بە یەکێک لە شوێنپێهەڵگرە سەرکەوتووەکانی خۆمی دەزانم، چونکە لە ڕووی ژیان و بیرکردنەوەوە لە خۆمی دەکرد
............................................................

گەدایی: بەڵام قوربان ! ئەو چوارینەیە؛ لە دیوانی (حاجی قادری کۆیی)دا هاتووە ؟ چۆن دڵنیامان دەکەیتەوە؛ کە هینی (حاجی قادری کۆیی) نییە ؟!

شێخ ڕەزا: شتێکت پێ ئەڵێم؛ کە تیایا دڵنیایی ئەدۆزیتەوە...ئەو چوارینەیەی (سەید ڕەشید)کە باسمانکرد؛ (ئەدەب)ی شاعیر؛ تەعلیقی لەسەر داوە و ناوی (سەید)یشی هێناوە، کە ئەڵێت:
((ئەهلی دڵ؛ دڵ داغدارن، بۆیە بێداغت نەدی
بولبولی ئەو باغە نی تۆ؛ بۆیە بێزاغت نەدی
تۆ، میزاجی خۆت نەساغە، پێت نەزانیوە) سەید(

بۆیە لەو دنیایەدا؛ غەیری قورمساغت نەدی  )) *١٦*
....................................................................

گەدایی: ئەو (سەید ڕەشید)ە كێیە و خەڵكی كوێیە ؟ ئەگەر بكرێت زانیارییەكمان بدەنێ لەبارەیانەوە ؟

شێخ ڕەزا :سەیدڕەشید، كوڕی سەیدحەسەنی كوڕی سەید عەلییە . خەڵكی (دووئاوان)ی ناوچەی (شنۆ) بوو، ساڵانی (١٨٦١ -١٩٣٦) ژیاوە، سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی بووە و شاعیرێكی كارامە بووە، بەڵام زۆر خووی نەداوەتە شیعر وتن بەهۆی تەمەسوكی بە ڕێبازەكەیەوە، لە شیعریشدا؛ ڕۆحی گاڵتەگەپی هەبووە و كابرایەكی قسە لەڕوو بووە و لە شیعرەكانیدا؛ چەند جار ڕەخنە و هەجووی نووسیوە . نموونەیەكی بچووكی هەجووی ئەوت بۆ ئەهێنمەوە؛ كە (فەقێ ڕەشیدی یاڵاوەیی)؛ بێ ئەمری (سەید ڕەشید)ی كردووە؛ ئەمیش بەمجۆرەی هەجوو كردووە:
(( ئەو سەرزلە؛ حیزەی؛ كە موسەمما بە ڕەشیدە
بیگرە، لە ڕەشی نێ و لە ڕەشی بە و لە ڕەشی دە )) *١٧*
..........................................

گەدایی: بەڕێز (عەبدولڕەزاق بیمار) پێی وایە؛ (حاجی قادری كۆیی) لەتاو كەس هەڵنەهاتووە، وەک دەڵێت: (( لەبەر قسەی شێخی لادێییەكی وەک ماویلان نەڕۆیشتووە، بەڵكوو ئاوات و ئارەزووی زانین و ئاگاداربوونی پاڵی پێوەناوە بچێتە ئەو ئەستەمبوڵە؛ كە زۆر كەس خەونی پێوە دەدیت  )) *١٨*
جەنابت چیی دەڵێیت ؟

شێخ ڕەزا: ئەو كابرا؛ (شێخ نەبی ماویلیی) زۆر بە بچووک و كەم نێو هێناوە  ! (شێخ نەبی)، هەر تەنێ شێخی لادێییەک نەبووە؛ بەڵكوو شێخی تەریقەت بووە و لە سەر دەستی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) ئیجازەی تەریقەت دادانی وەرگرتووە و (شێخ عوسمان) بە دەستی خۆی بۆی نووسیوە: ((ان ملا نبی كامل فی نفسە، مكمل لغیرە)) واتە: (مەلا نەبی)، پێگەیشتووە و ئەتوانێ خەڵكیش پێبگەیەنێ، واتە دەست ئەدات ببێتە پیری تەریقەت . جا (مەلا نەبی) دوای ئیجازەوەرگرتنی؛ كە گەڕایەوە بۆ كۆیە؛ لە ناو شاری كۆیە؛ خانەقای بە نێوی خۆیەوە دانا، بە نێوی (خانەقای شێخ نەبی) كە نزیک مزگەوتی منارە بنیاتی نا* ١٩ *و لە هەموو لایەكەوە مورید لێی گرد بوونەوە ، ژمارەی موریدانیشی گەیبووە چەندان هەزار كە* ٢٠ *و
چەندان ژنیشی هێنا بوو، واتە كەسێكی دارا و خاوەن پایە بووە، كەسێكی كەم نەبووە، وەک ئەو بەڕێزە باسی كردووە .ئەوی كە ئەو بەڕێزە وتوویە؛ كە (حاجی قادر) بۆ حەزی خۆی ڕۆیشتووە؛ هەڵەیە ... تەنانەت (حاجی قادر) بەخۆی لە چەندان شوێنی شیعرەكانیدا باسی لەوە كردووە؛ بە خۆشیی و بۆ حەزی خۆی نەڕۆیشتووە؛ بەڵكوو دەربەدەر كراوە و جێیان پێ لێژكردووە...
.................................................................

گەدایی: تكایە یاشێخ، ئەو شیعرانە كامانەن پێمان بڵێییت ؟

شێخ ڕەزا: ئەوەتا (حاجی قادر)، لە شیعرێكیدا ئەڵێت:
((  مەپرسە، دەردی غەریبی و لەزەتی وەتەنم
ئەوی لە دەستی دەگریام؛ ئەمێستا بۆی دەگریم  )) *٢١*
ئەم شیعرە؛ لە غەریبایەتییدا وتراوە، ئەگەر سەرنج بدەیت، دەستەواژەی (لە دەستی دەگریام) بەشێوەی ڕابردوو باسكراوە.
تەنانەت (حاجی قادر)، هەندێک لە هۆكارەكانی ڕۆیشتنی دیارییكردووە، وەک ئەڵێت:
((  لە قوشخانەوە تا دەمی (ئیچ قەڵا)
لە بایزاغە تا مەحەلەی قەڵات

هەموو خزمی خۆمن، دەزانم؛ دەڵێن؛
لە بێ حورمەتییمان بوو؛ (حاجی) هەڵات  )) *٢٢*
ئەگەر هەر بەوەندەش داناسەکنێن؛ ئەوەش هەر (حاجی)ە کە ئەڵێت:
(( مودەتێکە دەربەدەرکردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە، یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد؛ هاتەوە  ))
ئەمە، دێڕێکی ئەو نامە شیعرییەیە؛ کە (حاجی) بۆ (ئەختەر)ی ناردووە . سەرنج بدە؛ وشەی (دەربەدەرکردە) بە واتای چیی دێت؟ ئەگەر بە حەزی خۆی بڕۆیشتبا؛ ئەیوت: (دەربەدەربووی) ....
.................................................................

گەدایی: هەر بەڕێز (عەبدولڕەزاق بیمار)؛ لەبارەی جەنابیشتەوە؛ دەڵێت: ((هەر لەو کاتەوە؛ کە (شێخ ڕەزا) لە کۆیە بووە؛ بیری لە چوونە ئەستەمبوڵ کردۆتەوە)) هەروەها دەڵێت؛ جەنابت بۆ سیاحەت و سەفەرە چوویت بۆ ئەستەمبوڵ، ئەی ئەوە نییە خۆت وتووتە:
((خواستم بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سیاحەت
نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد  )) *٢٣* ؟

شێخ ڕەزا :ڕاستە کە من وام وتووە، بەڵام هۆی ڕۆیشتنی من بۆ گەشت و سەیران نەبووە ! بەڵکوو لەبەر فەرق و جیاوازییکردن و بەشخوران و فەرامۆشکردن و وەلانانی منەوە بووە؛ لەلایەن کەسوکارم . ئەوی لە شیعرەکەدا وتوومە؛ لەوەوە هاتووە؛ کە من هەرگیز لە شیعرەکانمدا خۆم بە دۆڕاو دانەناوە و وام نیشانداوە؛ نە بام دیوە و نە باران ! هەر بۆیە لە شیعرەکەدا حەیای خۆم نەبردووە و وام دەرنەخستووە کە ئاوارە بووم...ئەویشی کە ئەو بەڕێزە؛ نووسیویە؛ لە کۆیە بووم؛ ڕاست نییە . بەڵکوو من لە کەرکووکەوە دەرپەڕیم و چوومە کۆیە تا ناسیاو و هاوەڵانم ببینم و وچانێک بدەم و ماڵئاواییشیان لێ بکەم، ئیدی ئەوە بوو؛ مامم گلی دامەوە و ئەوکات دەربەدەری ئەستەمبوڵ نەبووم، بەڵام دواتر؛ چونکە ئەو بایە هەر لەو کونەوە ئەهات ، هەر ئاخرەکەی هەڵاوێردەی ئەستەمبوڵ بووم.
منیش وەکوو (حاجی قادر) ئەوەم ڕوونکردووەتەوە؛ کە جێیان پێ لێژکردووم..... لە شوێنێکدا بە کۆمەڵێک مژ و تەمەوە و بەشێوەیەکی لاتەرا لە چاو نووسیومە:
((هەر دەچمەوە لای، گەرچیی بڵێ؛ هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕییە بێکارە؛ کە من لێرە دەرمکرد  )) *٢٤*
ئەوەم ئاشکرا کردووە؛ کە (شێخ عەلی)ی برام؛ جێی پێ لەق کردووم و دەریکردووم و دەربەدەرکردەی ئەوم . یان لە جێیەکی دیکەدا وتوومە (شێخ عەلی) بە فیتی دارودەستەکەی دەریکردووم:
(( شێخ عەلی، خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم؛ ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح؛ ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح؛ دایکت بە کێری نێرەکەر  )) *٢٥*
......................................................

گەدایی: ئەگەر وایە؛ بۆچیی مامت لەو نێوانەدا ناوبەد و پیاوخراپ کردووە ؟

شێخ ڕەزا: نا چاوەکەم ! وا مەزانە، مامیشم ئەو پەپوولەیە نەبوو ! ئەویش بەشی خۆی دەستی هەبوو لەو ئاژاوەیەدا، براکانم چییان لەگەڵ کردم ئەویش هەر وای کرد، لە ڕاستییدا؛ مامم بەڵێنی کچی نەدابوومێ وەک لە شیعرەکەمدا؛ وتوومە ! بەڵکوو بەڵێنی پێ دابووم کە بمکاتە پۆستنشینی تەکیە، ئەوە بوو کە هەر دەستی دەستی پێ ئەکردم:
(( چروسا لەبەرم جوبە و فسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام و نە جوبەی لەبەرم کرد  )) *٢٦*
بۆیە ئیدی منیش دەرم نەبرد و بەو جۆرە؛ تۆڵەی خۆم لێ کردەوە . بێ لەوەش؛ هەر مامە غەفوورم بوو؛ کە سەردەقی تۆرانی بۆ شکاندم و ڕچەی بۆ کردمەوە، ئەگەر بزانیت؛ کاتی خۆی؛ مامە غەفوورم؛ لە باوکم تۆراوە و چووەتە ئێران...دەوڵەتی عوسمانیی؛ لەسەر ئەمە ئەیکەنە سەر باوکم کە چۆن دەبێت شێخێکی تەریقەت؛ لەژێر

دەسەڵاتی ئێمەوە؛ بچێتە ژێر قەڵەمڕەوی وڵاتێکی دی...یان ئەوەتا ئەیهێنیتەوە؛ یان خۆیشت ئەچیت بۆ لای ئەو ! باوکم؛ نامە بۆ مامە غەفوورم ئەنێرێت کە بێتەوە، بەڵام نایەتەوە، ئەمجار باوکم داوا لە (حاجی بەکرئاغای حەوێزیی) ئەکات؛ کە نامەی بۆ بنێرێت، بەڵکوو ئەگەر هەر ناگەڕێتەوە کەرکووک؛ ئەوا با بچێتە کۆیە و لای ئەو لە کۆیە و لەناو قەڵەمڕەوی عوسمانییدا بمێنێتەوە...(حاجی بەکرئاغا)، بەو جۆرە نامەی بۆ ئەنێرێت و مامم دڵی نەرم ئەبێت و ئەچێتە کۆیە؛ لەوێ نیشتەجێ ئەبێت و (حاجی بەکراغا)ش تەکیەیەکی بۆ درووست ئەکات *٢٧*

.......................................................

گەدایی: بەڕێز(عەتا تەرزی باشی)یش؛ شتێکی وەکوو ئەوی بەڕێز(عەبدولڕەزاق بیمار)ی لەبارەی ئێوەوە وتووە، کە دەڵێت: ((ماوەیەک (شێخ ڕەزا)؛ دەوروبەری کەرکووکیان بە بەرتەسک بینیوە، کە ئەوساکە تەنها لە شازدە گەڕەک پێکهاتووە، لەبەرئەوە کەرکووکیان بەجێهێشتووە و چاویان بڕیوەتە ژیانی ئەستەمبوڵ. )) جەنابتان چیی دەفەرموون ؟

شێخ ڕەزا: برام ! من چییت جواب بدەمەوە ؟ !برا! خۆ من نەچووم بۆ ئەستەمبوڵ؛ تا خانوو و گەڕەکەکان بژمێرم، ئەوە قسەیەکی نادرووستە، من هەرگیز کەکووکم بەچێنەهێشتووە لەبەر بچووکییەکەی ! بەڵکوو کەرکووک لانکەی لەدایکبوونمە و زێدمە، هەموو کەسێکیش زێدی خۆی؛ لە هەر جێیەکی دی؛ پێ خۆشترە . بگرە من فەزڵی (کەکووک)م داوە بەسەر بەغدادا و وتوومە :هەرچەند کەرکووک لە بەغداد بچووکترە؛ لێ لە) بەغداد (لەسەرترە.

((گر چە کرکوک کم از بغداد است

قابلیت نە بە تعداد، بە استعداد است )) *٢٨*

.......................................................

گەدایی: ئەگەر ئەو هەمووە کەرکووکت خۆش دەوێت؛ بۆچیی هێندە هەجووت کردووە و پێیدا هاتوویە خوارەوە ؟

شێخ ڕەزا: تەنێ یەک،دوو جار هەجووم کردووە، ئەویش هەجوویەکی قورس نەبووە و کاتی تۆران و داخ لەدڵییم بووە .

.......................................................

گەدایی: ئەی خۆ چەندان شیعری هەجووت هەیە؛ لە دیوانەکانت؛ کە بەسەر کەرکووکدا وتووتن ؟

شێخ ڕەزا: نا ...شتی وا نییە...کامانەن ؟ پێم بڵێ با منیش بۆت تصدیق بکەم ؟

.......................................................

گەدایی :باشە ! چەند دانەیەکت بیر دەخەمەوە؛ یەک لەوانە:

(( کافی کلک و کافی کون و کافی کەر ؛ تێکەڵکرا

ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکوکی لێ تەشکیلکرا )) *٢٩*

یان:

(( لە (بخت النصر)ەوە گاندانە پیشەی ئەهلی کەرکووک

کە {الناس علی دین الملوک لیس متروک} )) *٣٠*

یان:

(( مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی کەرکووکی

ئەگەر غەڵەتێ بکەن؛ وا بزانە گا قۆڕانی کەر کۆکی )) *٣١* ؟

شێخ ڕەزا: ئەگەر باوەڕ بە خۆم ئەکەیت؛ ئەوا پێت ئەڵێم؛ ئەو شیعرانەی باستکرد؛ هیچیان هینی من نیین ! بەڵکوو هینی (شوکری فەزڵیی)ن ، هەر دەبوو بتانزانیایە کە (شوکری فەزڵیی)؛ مێژوونوس بوو، ئەو سەری لە (بخت النصر) دەردەچێت...هەروەها شیعری سێیەمیشیانم هەر زۆر پێ لاوازە ! ئەو شیعرانەی (شوکری فەزڵیی) لەوەوە چاوەی گرتووە :لە شەڕەهەجووی نێوان من و(شوکری فەزڵی)دا ؛ من هەجووی شاری (سلێمانیی)م کرد، (شوکری)یش هەجووی شاری(کەرکووک)ی کردووەتەوە..ئەگەر ئەشڵێیت؛ جا شوکری پێوەندیی بە سلێمانییەوە چییە ؟ !ئەوا (شوکری)، زۆربەی ژیانی منداڵیی و گەنجێتیی؛ لە شاری (سلێمانیی) ڕابواردووە، (شوکری) هەرچەند دایکی عەرەب بوو؛ بەڵام باوکی کوردی خەڵکی (سنە) بووە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ژیانی لە (سلێمانیی) بووە؛ وەکوو کەسێکی ئەوێ حسابی بۆ کراوە و منیش هەر وەها حسابم بۆ کردووە، وەک وتوومە:
(( شوکری،گەنوگووخۆری سلێمانییە، ئێستە
هەرچەند کە ئەمدی وەکوو لۆتی ئەگەڕاوە )) *٣٢*
جا ئەم هەجووی شار بە شارە؛ لەوەوە داکەوت؛ ئێمە لە سەرەتادا هەجووەکانمان ؛ تەنێ هەجووکردنی خۆمان بوو، نەک شارەکانمان . تا ئەوەی لە شیعرێکدا (شوکری)م ئاگادارکردەوە؛ ئەوا شاری (سلێمانیی)شی پێوە کافری موتڵەق ئەکەم، وەک وتوومە:
(( پێی بڵێ؛ با مونتەهیی بێ، تۆیش گەنوگوو بەس بخۆ
با سلێمانیی؛ بەجارێ کافری موتڵەق نەکەم )) *٣٣*
ئەوە بوو؛ (شوکری فەزڵیی) دەستی هەڵنەگرت و لە وەڵامیشدا ئەڵێت؛ حازرە کە بەرپەرچم بداتەوە، ئەگەر من هەجووی (سلێمانیی) بکەم؛ ئەویش هەجووی (کەرکووک) ئەکاتەوە، وەک ئەڵێت:
(( گوو مەخۆ یا شێخ، ئیتر با شۆڕشێ بەرپا نەکەم
خۆت و کەرکووکت؛ بە جارێ سەربەسەر ئیفنا نەکەم )) *٣٤*
ئەوەبوو؛ هەردوومان؛ بەڵێنی خۆمان بردە سەر ! من بە (سلێمانیی)دا هاتمە خوارەوە، ئەویش (کەرکووک)ی داشۆری ! جا ئەو شیعرانەی کە پێشتر هێمات بۆ کردن؛ هینی (شوکری فەزڵیی)ن ، ئیدی شیعرێکی دی هەیە پێمی بڵێی ؟
........................................................

گەدایی: بەڵێ، یا شێخ . ئەی ئەم شیعرەیان؟ خۆ سەد لە سەد هینی خۆتە:
(( سەر بە یەشماغی شڕ و شاقەڵی چڵکن، مەهتووک
سووڕ ئەخۆی سەرخۆش و ڕیسوا، بە قۆریات و نەتووک
تێگەیشتین؛ کە مەلامان؛ چەنەبڵێیە و وەزن سووک
کەبابی گۆشتی بزن، فاکیهەی بەری خڕنووک
لە من پرسە؛ سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک )) *٣٥* ؟

شێخ ڕەزا: ئەوەشیان هەر شیعری (شوکری فەزڵیی)ە ، مەبەستی لە (( تێگەیشتین کە مەلامان؛ چەنەبڵێیە و وەزن سوو)) ئەو (مەلا)یە؛ لە شیعرەکەدا؛ مەبەستی لە منە ! وەک لە شیعرێکی دیکەدا پێم ئەڵێتەوە (مەلا) :
(( عەیبە، هێندە سپڵە بی، خۆ زاهیرەن؛ (شێخ) و (مەلا)ی
شاپڵیتەی کێری من؛ چەند جار بە دەرقوونتا چزا ؟ )) *٣٦*
جا لە شیعرەکەی پێشتردا؛ مەقسەدی لەوەیە؛ کە من زۆر گوێم بە جلوبەرگ نەئەدا، هەروەها گوێشم لە ئاواز و گۆرانیی خۆش ئەگرت..(شوکری)، بەمانەوە؛ موبالەغەی کردووە و هەروەها لە شیعریشدا نێوی خۆمم بە (ڕەزا سووک) واتە (ڕۆح سووک،ئێسک سووک) هێناوە . بەڵام ئەو لەسەر ئەو شێوەیە؛ کردوویە بە (وەزن سووک) ! شیعرەکەیشی لەسەر ئەو قافیەیە داڕشتووە .ئەها من لەبارەی خۆمەوە وتوومە:
(( وەک (لامیع)ی شاعیر؛ نییە ئێستە لە جیهاندا
شیرین سوخەن و قابل و خۆش تەبع و (ڕەزا سووک) )) *٣٧*
..................................................

گەدایی :دەمەوێت بزانم؛ کێ نێوی (ڕەزا)ی لێناویت ؟

شێخ ڕەزا :ئەو ناوە، باوکم لێی ناوم . بە خۆشەویستیی ناوی) ئیمام ڕەزا(وە، وەک لە شیعرێکدا؛ لەگەڵ خۆمدا ئەدوێم و ئەڵێم:
(( غمگین مشو (رضا) اگر مال و جاهت نیست
این خواندنت، نیام (امام رضا) بس است )) *٣٨* واتە :خەم مەخۆ (ڕەزا) لەوەی پایە و سامانت نییە، ئەوی کە بە ناوی (امام ڕەزا) وە ناونراویت و ناوت دێنن؛ بەستە.
..................................................

گەدایی: واتە لە نێوەکەی خۆت ڕازیت ؟

شێخ ڕەزا:
(( بر قوی نامی قازانمقذە) رضا (فائدە نە
استخوان ریزەء شطرنجە دخی شاە دینر )) *٣٩*
بە کوردیی واتە :کە بە ناوی ئیما ڕەزاوە ناونراوم؛ چ سوودێکی بۆم هەیە ؟ ! خۆ بە داشی بێ ڕۆحی شەتڕەنجیش دەڵێن (شا) !
..................................................

گەدایی: بەڕێز (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)؛ دەڵێت: ((ئەم دێڕە شیعرەی (شێخ ڕەزا) :
(( زیاد و کم از نام نامیت نبود
برسم جمل گر شماری (رضا)را )) **
مەقسەدی لەوەیە؛ کە ناوی (رضا)؛ بە حیسابی ئەبجەدیی؛ لەگەڵ ناوی (امین فیضی)؛ یەک شت دەگرێتەوە، دیارە ئەگەر حیسابی بکەین؛ هەردووکیان دەکەنە (١٠٠) )) ئایا وایە ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە، وتوومە؛ ناوی من (رضا)؛ لەگەڵ (امین فیضی) بە حیسابی ئەبجەدیی؛ بەرانبەرن . بەڵام ناکاتە (١٠٠) وەک ئەو وتوویە؛ بەڵکوو دەکاتە (١٠٠١) بەم شێوەیە: (رضا) (ر=٢٠٠ + ض= ٨٠٠ + ا=١)= ١٠٠١
(امین فیضی) (ا=١ + م=٤٠ + ی=١٠ + ن=٥٠ + ف= ٨٠ + ی=١٠ + ض=٨٠٠ + ی=١٠ ) =١٠٠١
من ناوەکەم دەکاتە (١٠٠١) خۆیشم هەر لەجێی هەزارویەک پیاو دادەنێم ! کەوایە؛ ناوەکەم باش لێم وەشاوەتەوە !
..........................................

گەدایی: دەوترێت؛ جەنابت ژیانێکی ئاغایانە ژیاوی و باوکت بەشێوەی ئاغایانە باری هێناوی،وەک (دکتۆر موکەرەم تاڵەبانیی) دەڵێت؛ بەڵام لەپاش مردنی باوکت؛ (شێخ عەلی)ی برات مەسرەفێکی ئاساییانەی کێشاویت و تۆ ویستووتە؛ هەر وەک ئاغایەک خزمەتت بکەن، یان خێرا وەکوو براکانت بەشت پێ بدرێت* ٤٠ *؟

شێخ ڕەزا: نا، هەرگیز وا نییە، من لەپاش مردنی باوکم؛ نە ژیانێکی ئاغایانە ژیاوم، نە ژیانێکی ئاساییانە، بەڵکوو لەچاو لاوانی تردا؛ ڕەفیق بێکەم بووم، دوای مردنی باوکم؛ لە کۆیە ئەمخوێند و تەواو چەپەک خرابووم، هێندەی هەژارترین لاوی کۆیە؛ پوولم نەبوو، باوەڕ بفەرموون؛ پارەی جگەرەسیغار و حەماکردنێکم پێ نەبوو...هەزار سوێند و قورئانم بۆ (شێخ عەلی) برام ئەخوارد و نامەم بۆ ئەنارد؛ تا دوو پوولم پێ ڕەوا ببینێت، وەک بە سوێندەوە ! پێموتووە:
(( جومعانە براوە،بەخوا موفلیسە لامیع

نه پوولی حەمامی هەیە؛ نە پارەیی تووتن )) *٤١*
لە ڕاستییدا من کەوتبوومە نێوان دوو بەرداشەوە، مامم و براکانم، هەریەک ئەیانوت؛ ئەوی دیکە یارمەتی ئەکا و پێویست بە ئێمە ناکات، ئەوجار جومعانە و نانانە و ڕاتبی فەقێیەتیی هەیە، پێویستیی بە هیچ نابێت ! بەخۆشیان لەسەر ناز و نیعمەتی (تەریقەت) دەژیان!
......................................................

گەدایی: بەڕێز (عەتا تەرزی باشی) دەڵێت: (( لە کاتێکدا دەوروبەری تەکیە و سۆفییگەریی ئەوسا؛ کاریگەریی ئەفسووناویی بەسەر شاعیرە پوختەکانەوە هەبووە؛ کەچیی کاریگەریی بەسەر (شێخ ڕەزا)وە نەبووە *٤٢* ؟

شێخ ڕەزا :بەڵکوو بە پێچەوانەوە؛ من هەمیشە؛ خۆم بە سۆفییەکی تەریقەت و بگرە بە سەگی دەرگەی غەوسی گەیلانیی داناوە و ئەو شیعرانەی کە بەسەر شێخ عەبدولقادری گەیلانییدا وتوومن؛ بەڵگەن بۆ قسەکانم . بێ لەوانەیش؛ پەسنی چەندین شێخی خاوەن تەریقەتم داوە، وەک (کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ حیسامەدینی ،شێخی بریفکان....) بەڵام دڵی من؛ وابەستەی دەرگەی شاهانەی غەوسی گەیلانیی بووە .....من چەندان جاریش هەوڵمدا لەسەر تەکیەیەک لە کوردستاندا پۆستنشین بم،تەنانەت بە تەلگراف داوام لە دەرباری عوسمانیی کرد، تەنانەت داوای هاوکارییم نەک هەر لە سەردارانی کوردستانی قەڵەمڕەوی ڕۆم (تورکیا)؛ بەڵکوو داوای هاوکارییم لە سەردارانی کوردی قەڵەمڕەوی فارس(ئێران)یش کرد، لەوانە (یونسخان)....بە کورتیی؛ لە چەند دەرگەم دا؛ سوودی نەبوو...ئەوە براکانی خۆمیش؛ کە چوار دیواری تەکیەیەکیان پێ ڕەوا نەبینیم، (شێخ عەلی)ی برام؛ کە گەورە و سەرکاری براکان بوو، بێگانە و دەستوپێوەستەکانی خۆی هەموو پۆشتە و پەرداخ و ساز بوون، هەر یەکەی تەکیەیەکی پێ دابوون .هەموویانی لەبیر بوو، بەس براکانی خۆی پشتگوێ خستبوو، هەر بۆیە وتوومە:
(( بێگانە، هەموو ساحێبی جاە و جەبەڕووتن
بێچارە برای) شێخ عەلی(؛ موفلیس و ڕووتن
ئەی) شێخ عەلی(؛ چاکە و و سوقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە؛ بەم خەڵقە؛ کە وەک توولە لە دووتن )) *٤٣*
(شێخ عەلی)، تەکیەی ئەدا بە تەرزە کەسانێک؛ کە مەرامیان خواپەرستیی نەبوو، بەڵکوو تەنێ خەیاڵیان؛ لەسەر چڵکاوخۆریی و پارووی چەور بوو، ئەوانە دوو ڕۆژ قووتیان پێ نەدرایە؛ کفری ئەرز و ئاسمانیان ئەکرد ! هەر بۆیە؛ وتوومە (شێخ عەلی) لە ئەتوار و ڕێباز و شوێنپێی باوکم لایداوە، وەک وتوومە:
(( (شێخ عەلی)، ئەتواری باوکت تێکمەدە
{قل هو الرحمن آمنا بە} )) *٤٤*
......................................................

گەدایی :دوو تێبینیم لەسەر قسەکانت هەیە .یەکەمیان؛ تۆ دەڵێیت؛ تەکیەیان پێ ڕەوا نەبینیم؛ ئەی ئەوە نەبوو؛ تەکیەی گەڕەکی (مەیدان)ی شاری بەغدادیان پێ دایت ؟ هەروەها نێوی (یونسخان)ت هێناوە، پێمان بڵێیت ئەو سەردارە کوردە کێ بووە ؟

شێخ ڕەزا: بە نیسبەت تەکیەکەوە؛ ((لەپاش تڕێ؛ خەمشەی بڕێ ! )) لە سەردەمی پیریی و کەنەفتییدا؛ کۆنە تەکیەیەکی دوورەدەستیان پێ ڕەوا بینیم، کە زێتر دوورخستنەوە و نەفیکردنی من بوو ! دەنا پێش سەردەمی پیریی و پەککەوتەیی؛ بۆ تەکیەیەکیان پێ ڕەوا نەبینیم ؟ !من لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئەو جێیەم پێ خۆش بوو و لەسەر داوای خۆیشم بوو، چونکە ئەمویست؛ کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنم لە نزیک بارەگای (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)ەوە بێت و ئەگەریش مردم، بە هاوڕێیەتیی گڵکۆکەی شادبم....من بەهۆی (غەوسی گەیلانیی)ەوە بەغدام خۆشویستووە و بۆی کشاوم:

(( گەر بڵێم بەغدا لە جەننەت خۆشترە هێشتا کەمە

چونکە سوکنای غەوس و کەرخیی و ئیمامی ئەعزەمە .......)) ****

دەنا هەتا نەگەیشتمە پیریی؛ئەوە مامم وبرازاکانم ؛ هەموویان؛ تەکیەیەکیان بۆ خۆیان چڕی بوو، هەموان بوون بە پۆستنشین،(ڕەشیدی مامە غەفوورم،شێخ عەلی برام و شێخ حەمەعەلی کوڕی و زاواکانی و شێخ باقی و دەیان بێگانەش...) بوونە خاوەن تەکیەی خۆیان، هەر ئەمن، دەست لە گوونان مابوومەوە ! هەر ئەوەش بوو کە ڕێی تۆران و ئاوارەیی خاکی ڕۆمی پێ گرتمە پێش . باوەڕ بفەرموون؛ لە ئەستەمبوڵ؛هێندەم چەرمەسەریی و قوڕبەسەریی و ڕووتوقووتیی دیت لە سەرەتاوە، لە باسکردن نایەت....
ئەوی ئەوان بە منیان ڕەوا بینیبوو؛ ژووری حوجرەیەک بوو، تا دەرسی بە فەقێیان تیا بڵێمەوە، ئەویش کە بە شیعرێک وێنای حوجرەکەم کردووە..ئەبێت ئێوە ئەو شیعرەتان دیبێت ؟
..................................................

گەدایی: یاشێخ، ناشێت باس لەو شیعرە بکەیت کە لە دیوانی ئێوەدا لەژێر ناوی (حەوشەکەم) تۆمارکراوە ؟ *٤٥*

شێخ ڕەزا: جا توخوا ! ئەو وەسفانەی کە لە شیعرەکەدا هەن؛ بۆ حەوشە دەست ئەدات؛ یان ژوورێک؛ کە ژووری حوجرەیە ؟ ! باشە چۆن نازانن؛ کە ئەو شیعرە باس لە حوجرە ئەکات، کە تەنانەت لە شیعرەکەشدا؛ ئاماژەم بەوە داوە کە تیایا دەرس بە شاگردان (فەقێیان) ئەڵێمەوە:
(( خەمی شاگردەکان زیاتر ئەخۆم
گەورە هەر چاکە، ئاخ لە دەس؛ دەسوپێ )) *٤٦*
لە کاتێکدا من حوجرەیەکی شەق و شڕم پێ سپێردرابوو؛ کەچیی لەسەر فەرمانی (شێخ عەلی)ی برام؛ خانوو بۆ وشکە سۆفییەکان و لایەنگرەکانی خۆی درووست ئەکرا و بەسەریاندا وەک گوێز و مێوژ ئەیبەخشییەوە ! بۆ نموونە؛ گەڕەکی بەرتەکیەی شاری کەرکووک؛ کە هەر لەبەردەمی تەکیەی تاڵەبانییدایە،؛ ئەم گەڕەکە؛ بە فەرمانی (شێخ عەلی) درووستکرا و خانووەکانیشی بەشرایەوە بەسەر ئەو کەسانەی کە لە تەکیەی تاڵەبانیی بوون و دەستوپێی کاکم بوون *٤٧*
..................................................

گەدایی: وەڵڵا بڵێم چیی جەنابی شێخ ! ڕاستییەکەی وەک ئێوە دەیڵێن؛ دیمەنی ژوورێکە، نەک حەوشە،بەڵام ئەوی کە وتم؛ ڕای من نەبوو؛ بەڵکوو ڕای (ئەحمەد تاقانە و شێخ محەمەدی خاڵ و چەند کەسی تر) بووە، کە پێیان وا بووە؛ ئێوە، باسی حەوشەی ماڵەکەی خۆتان دەکەن *٤٨* *٤٩* ....بەڵام با واز لەوە بێنین، پرسیم (یونسخان) کێیە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، نێوی (یونس بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی حسێن بەگی کوڕی سلێمان بەگ)ە و حاکمێتیی ناوچەی بانەی پێ درا بوو، لەلایەن والیی سنەوە؛ نازنێوی (خان)یشی پێ درابوو* ٥٠ * کە ئەوکات بەو کەسانە ئەوترا؛ کە حوکمی ناوچەیەکیان لەژێر دەستدا بووایە، جا ئەو کەسێکی دەسەڵاتدار بوو، بە نامەشیعرییەک؛ داوای هاوکارییم لێ کردبوو؛ لە بنیاتنانی تەکیەکدا لە ئێران....
..................................................

گەدایی: هەڵێ، یاشێخ ! ئەو نامەشیعرییە لە دیوانەکانتدا هەیە و خوێندووەتەوە، کە لە کۆتایی شیعرەکەدا؛ ڕەخنە لە خەڵکی کوردستان دەگریت؛ کە قەدریان نەزانیویت و ڕێزیان نەگرتوویت .کە وتووتانە:
(( من بخدمت نرسیدمش، ولی می شنوم
قدر ما نیست در آن مملکت کردستان )) *٥١*

شێخ ڕەزا: نا ...من وام نەوتووە ! ئەوە شیعرەکەیان بەغەڵەت نقڵکردووە، دەنا من وەهام وتووە:
(( من بخدمت نرسیدم، ولی می شنوم

قارمانى هست در اين ناحيهء كردستان  )) *٥٢*
..........................................

گەدایی: باسی تەکیەکەی (مەیدان)مان کرد...بەڕێز(عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویە: (( شێخ ڕەزا، کە چۆتە بەغداد؛ لەوێ لە بەرانبەری(دفاع)ی ئەمرۆ؛ تەکیە و خانووی کردۆتەوە ..)) *٥٣* بەڕێز(ئەشرەف تاڵەبانیی)یش دەڵێت؛ ((لە سەردەمی (شێخ عەلی)دا؛ تەکیەی تاڵەبانیی؛ لە بەغداد؛ لە گەڕەکی مەیدان، بەرامبەر وەزارەتی دیفاع؛ درووستکراوە )) *٥٤*
ئایا قسەی کامیان ڕاستە؟ تەکیەی مەیدان؛ خۆت درووستتکردووە ؟ یان (شێخ عەلی)ی برات؛  درووستی کردووە ؟

شێخ ڕەزا: قسەی هیچ کامیان؛ ڕاست نییە..نە خۆم و درووستمکردووە و نە کاکمیش . بەڵکوو ئەو تەکیەیە؛ لە سەردەمی باوکمدا درووستکراوە و پێشتر باوکم لێی دانیشتووە و پاشان لایەنگرەکانی خۆی لەسەر داناوە و بنکەی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەیان بووە؛ لە شاری بەغداد . لە شیعرێکیشدا ئاماژەم پێداوە؛ کە ئەو تەکیەیە هینی باوکم بووە:
(( ميراث مانده از پدرم كهنه تكيهء
چون عمر نوح؛ ديد بسى سال و ماهرا )) *٥٥*
جا خۆش لەودایە؛ کە چوومە بەغداد؛ سەیرئەکەم؛ چەند کەسێک خۆیان کردبوو بە ساحێبی تەکیەکە و ئەیانوت: لێی دەرناچین و هینی ئێمەیە و باوکت داویەتی بە ئێمە !!  توخوا کاکەم ئەو تەکیە لاتو پوتەی پێ ڕەوا بینیبووم ! ئەویش دەبوو؛ پیاوی لەسەر بکوژم !! وەک لە شیعرێکی تورکییدا؛ باسی ئە بەزمەم کردووە:
(( تكيه ملک پدرم اولديغى ميدانده ايكن
ديرد بمند بودله (شيخ سليمان زاده)
راضى اولمازدى سلامتله المدن چيقسون
بوينكى طوق هجادن ايدەيم آزاده )) *٥٦*
ئیدی ئەوە بو؛ لە ترسی زمانی من و لە ترسی حەیای خۆیان، دەستیان لە تەکیەکە هەڵگرت .
....................................................................

گەدایی: بەڕێز (ئەشرەف تاڵەبانیی) دەڵێت :(( (شێخ عەلی)، بۆ ڕازییکردن و دوورخستنەوەی (شێخ ڕەزا) لە کەرکووک؛ هەموو بەراوەکانی گوندی (قەراخ)ی بەخشیوەتە (شێخ ڕەزا)، کە بە میراتی بەر (شێخ عەبدولڕەحمان)ی باوکیان کەوتووە و براکانی لە بەشە موڵکی خۆیان وازیان هێناوە بۆ شێخ ڕەزا ))  *٥٧* ؟

شێخ ڕەزا: نا عەزیزم ! ئەوە خراپ حاڵیبوونە، یەکەم: براکانم چاوپۆشییان لە بەشی خۆیان نەکردووە، بەڵکوو چاویان لە بەشی من خەواندووە...هەر بۆ نموونە؛ شێخ (عەبدولقادر)ی برام؛ لەو بەشە میراتەی کە بەری کەوتووە؛ دوو دێی (یەنگیجە) و (عبداللهغانم)ی پێ کڕیوە *٥٨* ئیدی لە کام بەشی خۆی چاوپۆشیی کردووە ؟! ئەمجار فەرموویە کە بەراوەکانی
گەدایی: بەڕێز(د. نوری تاڵەبانیی) دەڵێت: (( هۆی تێکچوونی (شێخ ڕەزا)؛ لەگەڵ (شێخ عەلی)ی کاکی؛ لەسەر میرات نەبووە . چونکە (شێخ عەبدولڕەحمان)ی باوکیان؛ سامانێکی لەدوای خۆی بۆ بەجێ نەهێشتوون؛ ناکۆکییان لەنێواندا پەیدا ببێ لەسەری..پیاوێکی وا دانا و زانا و دەست لە دنیا شۆردوو؛ ئەبێ چ میراتی لەپاش بەجێ بمێنێ؟! بەڵکوو ناخۆشیی و نێوان تێکچوونی (شێخ ڕەزا) و (شێخ عەلی)ی کاکی؛ تەنیا لەسەر زمانە شڕەکەی (شێخ ڕەزا) بووە )) *٥٩*

شێخ ڕەزا: عەرزی بە خزمەتت بکەم.. یەکەم: باوکم؛ خاوەنی چەندان تەکیە و بووە لە چەندان شار و شارۆچکەی کوردستان و چ لە ئێران و ج لە ئێراق، ئەمە جگەلەوەی کە خاوەنی دێ و دێهات بووە . بۆیە ئەوە ڕاست نییە؛ کە بوترێت؛هیچی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشتووە .  بەڵکوو هێندەی تەکیە لەدوا بەجێ مابوو؛ کە هیچ نەبێت؛ منیش دانەیەکیانم پێ ببڕێت و سەروێستیی بکەم، بەڵام لێی مەحرووم کرام . مەحروومکردنەکەشم بوو؛ کە ئەو بەزم و گۆبەندەی لێ کەوتەوە و وایانلێکردم کە زمانیان لەهەقدا بجووڵێنم . دەنا ناکۆکییەکە؛ خۆی هەبوو . بۆیە زماکە هاتە ئاراوە . نەک ئەوەی زمانەکە؛ بووبێتە هۆی ناکۆکیی . زمانی من؛ هەر ئەو زمانە بووە؛ کە لە چەندان شیعردا؛

پشتگیریی عەشیرەتی تاڵەبانیی و تەکیەم پێ کردووە، بەڵام هەر ئەو زمانە بوو؛ لە دوای مەحروومکردن و بێبەشکردن؛ بە دژیان هەڵگەڕایەوە و داوای حەقی خۆی ئەکرد

.......................................................

گەدایی: دەوترێت جنێوی زۆر پیست بە (شێخ عەلی)ی برات داوە ؟

شێخ ڕەزا: هەرگیز ئەوە ڕاست نییە . من هەرگیز حەدی ئەوەم نەبووە؛ کە جنێو بە (شێخ عەلی) بدەم، ڕاستە ناکۆکیی و عاجزیی لە نێوانماندا هەبووە و منیش چەند جارێک بە شیعر؛ ڕەخنە و سەرکۆنەم کردووە، ڕەخنەیەکی وەهاش نا؛ کە قسە و وشەی ڕووهەڵماڵراوی تیا بێت، نەک هەر بۆ (شێخ عەلی)، بەڵکوو بۆ هەموو براکانی تریشم؛ نکۆڵیی لەوە دەکەم کە شیعرێکی هەجووی بێ پەردە و ڕووهەڵماڵراوم کردبن...بەڵام هەجووی برازاکانم و هەجووی هەندێک لە مامەکانم کردووە، هەجووی زۆر پیسیش .

..........................................

گەدایی: بەڵام من هەر لەخۆوە وا ناڵێم، بەڵکوو لە دیوانەکانی جەنابتاندا چەندین شیعر هاتوون و ئاماژەیان پێ دراوە کە بەسەر (شێخ عەلی)ی براتدا وتووتن، بە وێنە؛ وەک ئەوەی لە بارەی (شێخ عەلی)ی براتەوە وتووتە:
((ظلمده گرچه بزم شیخ شریفک ادی وار
ظلمه یوقدر میلی، اما ظالمه امدادی وار )) *٦٠*
واتە: شێخەکەی تەریقەتی ئێمە؛ هەرچەند لە زۆرداریدا نێوی زڕاوە؛ لێ زۆردار نییە و تەنێ هاوکاریی زۆرداران دەکات !

شێخ ڕەزا: من ئەو شیعرەم؛ بۆ (حەمە عەلی)ی کوڕی (شێخ عەلی) وتووە، نەک خودی (شێخ عەلی)، ئەوجار ئەو شیعرە؛ قسەی ڕووهەڵماڵراویشی تیا نییە !

.......................................................

گەدایی: وایە، ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەی بۆ ئەو شیعرە دەڵێیت چیی کە لەبارەی (شێخ عەلی)ەوەیە و لە کۆتاییدا پێی دەڵێیت:
((شێخ، ئەوا گۆی هونەری بردەوە؛ [کەشکەک سڵاوات]
شێخ، ئەوا جێی پدەری گرتەوە؛ دەستی بە مە بێ )) *٦١* ؟

شێخ ڕەزا:ئەوەیشم؛ هەر لە هەجووی (شێخ حەمە عەلی) کوڕی (شێخ عەلی)دا وتووە، کە باوکی کردبووی بە شێخی تەریقەت و پۆستنشین...دیارە؛ ئێوە، زۆربەی ئەو شیعرانەی؛ لە هەجووی (شێخ حەمە عەلی) وتوومە؛ سەپاندووتانە بەسەر (شێخ عەلی)دا !...پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت ! تەحەدا ئەکەم ؛ کە قسەی ڕووهەڵماڵراوم بەرانبەر بە براکانم بەکارنەهێناوە. ئەگەر پرتە و بۆڵەیەکیشم لە هەقیان هەبووبێت؛ ئەوا یان هەر بە قسە دەرمبڕیوە، یان ئەگەر خستبێتمە قاڵبی شیعرەوە؛ ئەوا نەمهێشتووە؛ لە پەردە لابدەن...

.......................................................
گەدایی: باشە ! خۆ هەجووی مامەکانت زۆر بەپیسیی کردووە، یەک لەوانە مامەعەزیزت، وەک لە دیوانی تۆدا هاتووە؛ پێی دەڵێیت:
(( هەر کەسێ ناوی مەلا عەزیزە
بن گونی دایم؛ بە گیزە گیزە
بەخۆی گەواد و ژنەکەی حیزە
خواردنی گووە، شەربەتی میزە)) *٦٢*

شێخ ڕەزا: وەک لە پێشوودا وتوومە؛ هەجووی هەندێک لە مامەکانم کردووە، بەڵام ئەو شیعرەی کە تۆ باسی دەکەیت؛ لە هەجووی مامە عەزیزمدا نەموتووە ! من لەو شیعرەدا؛ هەجووی (مەلا عەزیز)م کردووە...بنەماڵەی

ئێمە؛ بەگشیی؛ بە (مەلا) نەناسراون و هەر بە (شێخ) ناسراون :( شێخ عەبدولڕەحمان، شێخ ستار، شێخ حەمید، شێخ عەلی، شێخ عەبدولعەزیز،...) تەنانەت خۆیشم (شێخ ڕەزا) ، واتە؛ هەرگیز مامە عەزیزم؛ بە (مەلا عەزیز) نەناسراوە، بەڵکوو بە (شێخ عەزیز) ناسراوە !
..........................................................................

گەدایی: بە نێوی (عەزیز)دا بیری ئەو شیعرەتم کەوتەوە کە لە هەجووی (عیزەتی تەل)دا وتووتە:
(( پیر، کە کۆکی و نەتڕی؛ دوورە لە مردن هێشتا
وردە ئاهەنگی دوای کۆکە؛ نیشانەی ئەجەلە
پیر، کە کۆکی و تڕی؛ دەنگی وەک بارە زەلە
شاهیدی موعتەبەرم؛ عیزەتی مەئموری تەلە )) *٦٣*
بەڕاستیی تا بڵێی شیعرێکی جوانتان فەرمووە، ئەمە هەر ڕای من نییە؛ بەڵکوو تەنانەت(عەلادین سوجادیی)یش؛ بە شیعرێکی سەرسامکەری لەقەڵەمداوە و نووسیویە: (( بیری تیژی شێخ ڕەزا نەبێ؛ کەس ناتوانێ (دەنگی بارە زەل)ی بە دڵا بێت ! *٦٤*

شێخ ڕەزا: دەی وەڵڵا تۆ و (عەلادین سوجادیی)یش؛ کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە ئەو شیعرە؛ هینی من نییە .
..........................................................................

گەدایی: یاشێخ، ڕەنگە گاڵتەم لەگەڵدا بکەیت، چونکە ئەو شیعرە؛ لە دیوانی شیعری ئێوەدا هەیە و هەر بە نێوی خۆتانەوە نووسراوە !

شێخ ڕەزا: نا، ڕاست نییە، وەکوو وتم؛ ئەو شیعرە هینی من نییە...چۆن شیعرێک کە هینی من نەبێت؛ئەبێت بڵێم هینی منە ؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ ئەو شیعرە؛ هینی (کوڕەکەی وەستا شەفێ)ە .
..........................................................................

گەدایی: (کوڕەکەی وەستا شەفێ) کێیە ؟

شێخ ڕەزا: خۆی ناوی (وەستا ئەحمەد) بوو *٦٥* کوڕی (وەستا ڕەسووڵی قازی) بوو، باوکی (وەستا ئەحمەد)؛ بە (وەستا شەفێ) ناسرا بوو، ئەم کابرایە؛ سەر بە بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵی بەرزنجیی) بوو، دووکانێکیان پێ دابوو؛ لە قەیسەری نەقیبی شاری سلێمانیی، لەوێدا؛ ئیشی بەرگدروویی ئەکرد، ئیتر جلوبەرگی شێخانی سلێمانیی و خەڵکیی ئەدروو *٦٦* جا ئەو شیعرەی کە باستکرد؛ هینی کوڕی ئەم وەستا شەفێیەیە؛ واتە هینی (وەستا ئەحمەد)ە، کە لەو شیعرەدا؛ هەجووی (عیزەت)ی مەئمووری تەلگرافخانەی سلێمانیی کردبوو؛ کە ئەوکات دۆستی من بوو، منیش بە شیعر؛ بەرگریم لە (عیزەت) کردووە و وەڵامی ئەو شیعرەی کوڕەکەی شەفێم داوەتەوە، کە ئەمەیە:
((تۆیچ لە من بووگی وە شاعیر، ئەی حەرامزادەی سنە
بوچە شانێ ناخەفێنی؛ مەسرەفی چەس ئەو تنە ؟
(عیزەت) ئاهەنگی لە کوێ بوو؛ ئەی کوڕی وەستا شەفێ ؟
وردە ئاهەنگێ؛ کە فەرمووت؛ ها وەلای وەستاژنە )) *٦*
(کوڕەکەی وەستا شەفێ) لە ڕاستییدا شاعیر نەبوو، بەڵکوو سووکە ماعیرێک بوو، لەگەڵ یەک،دوانێکی لاتو لەوێڕی وەک خۆی لە سلێمانیی؛ لەوانە کوڕەکەی (یابە گازێ) هێرشیان دەکردە سەر دۆست و ئەحبابانم و زێتریش دەیانویست بەهۆی منەوە ناوبانگی خۆیان دەربکەن. واتە ئەهاتن لە چەقی ڕێ دەڕین؛ بۆ ئەوەی ناویان بهێنن . هەر کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ لەسەر ئەم وەڵامدانەوەی من، دەڵێت:
(( شاهم، شیعری خۆت وەرگرە، کەمدەماغ و سەرسەری
من ئەگەر زۆڵی سنەم؛ تۆ پوشت و گەواد و کەری )) *٧*
........................................

گەدایی: ڕاوەستە یاشێخ ! یانی ئەو شیعرە هینی کوڕەکەی وەستا شەفێیە ؟ دەی خۆ لە دیوانە شیعرەکانی تۆدا؛ نووسراوە: ئەم شیعرە؛ وەڵامی (وەستا شەفێ)یە، نەک (کوڕەکەی وەستا شەفێ) ؟!*٦٧* لە هەندێک لە دیوانی دیکەی ئێوەدا؛ پێیان وتووین؛ تۆ چوارینە هەجووەکەت بۆ (شوکری فەزلێی) وتووە و ئەم دێڕەی دواییش؛ وەڵامی (شوکری فەزلێی)ە بۆ تۆ ؟! *٦٨* تەنانەت نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکەش؛ لە دیوانەکانتدا؛ جیاوازترە لەوەی ئەمێسا تۆ وتت: کە بەمجۆرە هاتووە:
((ئەگەر من گەوادی سنەم؛ تۆ پوشت و گەواد و کەری))*٦٩ * ؟!

شێخ ڕەزا: ئەوان کەیفی خۆیانە؛ چیی ئەڵێن و چییان وتووە، من تازە؛ دەستی ئەوانم پێناگیرێت کە شیعر و دیوانەکەمیان کۆڵەوار کردووە... ئەوجار با ئەمەشت بۆ ڕاست بکەمەوە؛ کە دەستەواژەی(زۆڵی سنە) ڕاستە، نەک (گەوادی سنە) لەبەرچیی ؟! لەبەرئەوەی من بە کوڕەکەی وەستا شەفێم وتووە: ((زۆڵی سنە)) دیارە ئەویش ئاماژەی بە جنێوەکەی من داوەتەوە و وتوویە؛ ئەگەر تۆ؛ بەمن ئەڵێیت (زۆڵی سنە)؛ ئەوا تۆش خوێری و گەوادیت ! وەکچۆن ئەگەر جنێو بە کەسێک بدەیت و پێی بڵێیت: ((هەی مانگا)) ! ئەویش بڵێت: (( ئەگەر من؛ مانگا بم؛ ئەوا تۆش کەری )) !
..........................................

گەدایی: دوو پرسیارم بۆ درووست بووە، یەکیان: لە شیعرەکەتانتدا کە هەجووی کوڕەکەی شەفێتان کردووە؛ بۆچیی زمانی شیعرەکەتان وا لێکردووە و ئەوە چیی زمانێکە و واتا و مەبەستی ((تۆیچ لە من بووگی وە شاعیر )) چییە ؟ هەروەها لە قسەکانتدا؛ وتت؛ (( ئەوکات عیزەت دۆستی من بوو)) ئەمە واتای چییە ؟ ئەی دواتر چیی بووە ؟!

شێخ ڕەزا: لەوی (عیزەتی تەل)،؛ مەبەستم ئەوەیە؛ ئەوکات لەگەڵ عیزەتی تەل؛ لە یەک پێڕ بووین و (عیزەت) خۆی کەرنەکردبوو ! ئەوکات (عیزەت) کە لە تەلگرافخانە بوو؛ هەر لە ڕێی ئەوەوە؛ تەلگرافم بۆ ئەستەمبوڵ و شوێنی ترد لێ ئەدا؛ ئەوکات هەردوومان؛ پاڵپشتی یەکتر بووین، بەڵام دواتر کە خۆی کەر کرد ! هەر بەخۆم کەوتمە هەجووکردنی . وەک لە شیعرێکدا بە تورکیی؛ پێم وتووە:
(( عیزت، یوزنی تیغ زبانملە تراش ایت
آب دهنکلە دەهنی گوتشی باش ایت )) *٧٠*
لەبارەی ئەوەش کە بە (کوڕی وەستا شەفێ)م وتووە؛ ((تۆیچ لە من بووگی وە شاعیر)) مەقسەدم ئەوەیە؛ کە کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ قسە و شیعر و دەستەواژەی منی دزیوە و خۆی پێوە کردووە بە شاعیر و ویستوویەتی خۆی پێ درووست بکات ..بۆ نموونە؛ من لە شیعرێکدا وتوومە:
((هەر لە دەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیزخان ئەکا
وردە ئاهەنگی پیاوی پیر؛ کە وەقتێ گان ئەکا )) *٧١*
یان لە شیعرێکی تردا وتوومە؛
(( وەختێ ناجی ڕووتکرا؛ وەک شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گاهگاهێکیش لەترسان؛ وردە ئاهەنگی ئەکرد)) *٧٢*
بە ئاشکرا دیارە؛ کە کوڕی وەستا شەفێ؛ وشەی شیعرەکانی منی بەکارهێناوە لە دژی عیزەتی تەل . لەبارەی زمانی شیعرەکەیشەوە؛ ئەوە لەوەوە هاتووە کە کوڕەکەی وەستا شەفێ؛ خەڵکی (سنە) بووە و زمانی شیعرەکەم؛ خستووەتە سەر زمانی ئەو ، هەروەکچۆن (کوردیی)ی شاعیر؛ کە لەبارەی (قادر)ی لاوی خەڵکی سنەوە ئەدوێت و ئەیەوێت بە ناوی (قادر)ەوە قسە بکات؛ شێوازی قسەکردنی خۆی ئەگۆڕێتە سەر شێوازی (قادر) و بە شێوازی سنەیی؛ تۆماری ئەکات، وەک کوردیی ئەڵێت:
((لە نەزعا پێی ئەڵێم: قوربان، جەفا بەسیە، ئەڵێ: کافر
هێشتا چیت دیگە، تۆ سەگ مەرگی، کارم ماگە پێت جارێ ))*٧٣*
یان لە شیعرێکی تردا ئەڵێت:
((پێم ئەڵێ: خۆ عەقڵی تۆ؛ کەس نەیبووە، بۆ وا شێت بووگی ؟
سیحری چاوی خۆی نەدیوە، حەقیە لۆمەم کا، برێ)) *٧٤*
ئەمە شێوەی قسەکردنی (قادر)ە :((چیت دیگە،کارم ماگە،شێت بووگی،..)) ئەوجار با بێمەوە سەر قسەکەی خۆم؛

(کوڕی وەستا شەفێ) و (مەستی ئەفەندیی) و (کوڕی بابە گازێ) و چەند کەسی تریش؛ لە پێش شوکری فەزڵییدا؛ شاعیری دەرباری بنەماڵەی (سەید ئەحمەدی خانەقا) بوون و بەرگرییان لێی ئەکرد و لەسەر شیعرە هەجووەکانی من؛ بە جواب ئەهاتن یان هەجووی دۆستانی منیان ئەکرد، بەڵام ئەم تاقمە؛ لە ئاستێکی ئەدەبیی ئەوتۆدا نەبوون و ئەوە بە ئیشی ئەوان نەئەشیا، تا ئەوەی کە (شوکری فەزڵیی) جێی گرتنەوە .
...................................................

گەدایی: بەڵام هەندێک کەس دەڵێن؛ (شوکری فەزڵیی) هەر هەمان (کوڕەکەی وەستا شەفێ)یە *٧٥* ؟

شێخ ڕەزا: ئەوە قسەیەکی زۆر نەشیاوە، تەنیا بە یەک شتی کورت جوابت ئەدەمەوە؛ باوکی (شوکری فەزڵیی) ئەفسەر بوو، ئیدی چۆن بە وەستا ئەناسرێت و شوکری فەزڵییش بە (کوڕی وەستا) ؟!
...................................................

گەدایی: جەنابتان باسی (کوردیی) شاعیر و (قادر)ی لاوتان کرد؛ بەڵام بەڕێز (حەمە بۆر) کتێبی دووبەرگیی گەورەی لەسەر شیعرەکانی (کوردیی) هەیە ، بەڕێزیان لە کتێبەکەیاندا؛ ڕەتی دەکەنەوە کە (کوردیی)ی شاعیر پێوەندیی لەگەڵ (قادر)ێکی لاودا هەبوو بێت ؟

شێخ ڕەزا: قوربان، عەرزی حاڵت کەم! (کوردیی)ی شاعیر هەتا مرد ژنی نەهێنا . ئەزانی بۆچیی ؟! چونکە (کوردیی)؛ هەر بە تەبیعەت حەزی لە جنسی (ژن) نەبوو و تالبی ڕەگەزی (مێ) نەبوو حەزی نەچووەتە سەری . بەشێوەیەکی گشتییش؛ شیعرەکانی (کوردیی)؛ باسی هەنار و سێوی مەمک و باغی سینە و ئەو جۆرە دەستەواژانەی زۆر کەم تیایە و لە بەرانبەردا، ئەوتاقو لۆقەش کە هەن؛ ئەوە دەسەلمێنن؛ کە (کوردیی) حەزی شیعر وتنی بۆ ئافرەت نەبووە و لە هەر جێیەکیش باسی ئافرەت کردبێت؛ یەکسەر بەدوایدا فەزڵی کوڕی داوە بەسەریاندا... واتە (کوردیی) ڕەگەزی (نێر)ی بەلاوە پەسەندە و حەزی لێیەتی !
...................................................

گەدایی: یا شێخ چۆن بزانین؛ ئەو شیعرانە بۆ کوڕ وتراون ؟! کێ ناڵێت هەر بۆ ئافرەت نەوتراون ؟! من بۆ خۆم باوەڕ ناکەم . چونکە ئەوە نییە (کوردیی) بەخۆی دەڵێت؛
(( گەر لە عیشقی سادەڕوویان ؛ دڵ بگۆڕم؛ بێگومان
موڕتەدم، یەعنی ئەسیری زوڵف و پوستانی ژنم)) *٧٦*
ئەی ئەوە نییە؛ (کوردیی) دەڵێت؛ من بەندی زوڵف و مەمکی ژنم ؟

شێخ ڕەزا: گەدایی گیان ! ئەوە بە هەڵە؛ لە مانای شیعرەکە تێگەیشتوویت ! بەڵکوو ماناکەی تەواو بە پێچەوانەوەیە ! ماناکەی ئەمەیە: (( ئەگەر لەسەر پێڕەوییم لە خۆشەویستییم بۆ کوڕان وازبهێنم و بچمە سەر عەشقی زوڵف و مەمکی ژن و پێوەی ئەسیر ببم؛ ئەوا لە دین و ڕێبازی خۆم هەڵگەڕاومەتەوە )) !
...................................................

گەدایی: یا شێخ، دینی چیی و ڕێبازی چیی ؟!

شێخ ڕەزا: (کوردیی) دەڵێت: هەموو دنیا؛ مەستی جامی عەشقن، هەریەکەش؛ جامەکەیان جۆرە شەرابێکی تیایە . (سامیری)ی گوێرەکەی ئەپەرست، (خوسرەو) و (فەرهاد)؛ عاشقی عیشقی مەجازیی بوون، واتە عاشقی ژن بوون، (مەولانا) و (مەنسووری حەلاج) و دەیانی تر؛ مەستی عیشقی ئیلاهیی بوون، (حافظ) و (سەعدی شیرازیی)ی شاعیر و چەندی تریش؛ مەستی بادەی ئەدەبیات و شیعر بوون . هەریەکە ڕێگەی خۆی گرتۆتە بەر، ئیتر ئەی مەلا و وشکە سۆفییان، واز لە من بێنن، با منیش؛ ڕێگەی تایبەتی خۆم بگرمە بەر، کە عاشق بوون بە کوڕ یان هاوڕەگەزبازییە ! ئیتر لۆمەم مەکەن و سەرکۆنەم مەکەن با منیش ڕێ و ڕێبازی خۆم بگرمە بەر !
(کوردیی)، بەوجۆرە بەهانە بۆ کارەکەی خۆی دەهێنێتەوە و کارەکەی خۆی بە (عەشق) دادەنێت !
(( (سامریی) و (سەحبان) و (جارولّلاە) و (لوقمان) و (سەطیح)
موخبیری کوللی علومێک بوون و سەرگەردانی عەشق

(حافظ) و (سەعدیی) و (نیظامیی) و (قەیس) و (جامیی) و (دەهلەویی)
فەیض خواه و مەعریفەتجۆ بوون؛ لە شاگردانی عەشق
(خوسرەو) و (مەحموود) و (فەرهاد)؛ هەرسێ شا و شازادە بوون
ئاخری بووشن بە عەبد و چاکیری سوڵتانی عەشق
(شەمس) و (مەولانا) و (مەنصوور)؛ کەی بە سیڕ مەحرەم دەبوون
تا نەیان خواردایە؛ ڕیزەی نانی سفرە و خوانی عەشق
(زاهید) ئەر خوێندووتە؛ تەفسیری {لک وجهة}
قەت مەدە طەعنە لە مەستیی و بێخودیی ڕەندانی عەشق
مولتەجیء نابێ بە کەس (کوردیی)؛ لە دونیا و ئاخیرەت
ڕۆژی دیوانی خودا؛ دەستی من و دامانی عەشق )) *٧٧*
............................................

گەدایی: باشە، هەڵوێستی (ساڵم)ی شاعیر و خزم و هاوڕێی (کوردیی)؛ چیی بووە بەرانبەر بەم ڕەوشتەی (کوردیی) ؟

شێخ ڕەزا: من بەو شیعرنامەیە بۆت ڕوون ئەکەمەوە، کە لە نێوان (سالم) و (کوردیی)دا ئاڵوگۆڕی پێکراوە .
(سالم) لە غەریبایەتییەوە؛ نامەی بۆ (کوردیی) ناردووە و لێی پرسیوەتەوە؛ کە ئایا ڕاستە کە دەڵێن؛ عاشقی کوڕە لاوێک بووە ؟ (کوردیی)یش بە شیعرنامەیەک جوابی ئەداتەوە؛ کە بەڵێ ڕاستە، ئەو عاشقی ئەو کوڕە بووە و ئەڵێت؛ لەبەرئەوەی عاشق بووم و دڵم شێواوە؛ ناتوانم جوابت بدەمەوە و بڵێم بۆچیی اشق بووم، لە قادر خۆی بپرسە ! ئەگەر ڕۆژێک بینیت !
(کوردیی) مەبەستی لەوە نییە؛ کە (سالم)؛ لە (قادر) بپرسێ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە؛ وەرە تۆش عاشقی (قادر) بە ، ئەوکات وەڵامت دەست ئەکەوێت و لە حاڵی ئێستەی منیش تێئەگەیت !
......................................
گەدایی: (قادر) کێیە ؟
شێخ ڕەزا: (کوردیی) لەم شیعرەدا تەنانەت ناونیشانی ماڵەکەیشی داوە، ئەڵێت:
(( گەر ئەپرسی مەنزڵ و لیباس و طائیفەی
ماڵیان نزیک بە بەندیخانە و ئاشی ئەحان
ئەسمەرە، لاغیرەتە، باڵا میانە، کەچ کولاه
سوخمە سەبزە، مەیتەن ئاڵە، چاو خومار، ئەبرۆ کەمان )) *٧٨*
ئەم زانیاریی شێوەی جلو بەرگ و باڵای (قادر)ی لە چەند شیعری تریشدا دووبارە کردووەتەوە .
...................................
گەدایی: بەڵام یا شێخ ، لەو شیعرەدا؛ هاتووە ((سوخمە سەبزە)) دەی خۆ سوخمە هینی ئافرەتە !!

شێخ ڕەزا: تۆ زۆر بێ خەبەریت ! مەگەر نازانیت کە (سوخمە)؛ جۆرێک لە جلی پیاوانەی سەردەمی ئێمە بووە ! بۆ ئەوە؛ لە پیاوە قەدیمییەکان بپرسە پێت ئەڵێن !
..........................................

گەدایی: زۆر باشە، پرسیارگەلێکم هەن هەر لەبارەی کوردییەوە، سەروەختتانی پێ دەگرم، لەم دێڕە شیعرەی (کوردیی) تێنەگەیشتم لە دیوانەکەیدا، ئەگەر بکرێت بۆمی ڕوون بکەیتەوە:
((سروشکم نەقشی ناوی تۆ ئەکێشێت
کە جێم سەرداریییەکەی مەنصورە ئەمشەو )) *٧٩*

شێخ ڕەزا: ئەو وشەیەی شیعرەکە: ((سەرداریییەکەی) هەڵەیە و (سەردارەکەی) ڕاستە...ئەوجار ئەگەر ئەم دێڕە شیعرەی (کوردیی)؛ بخەینە پاڵ دێڕێکی تری ئەوسا؛ بە تەواویی لە مەبەستی تێئەگەیت، ئەو دێڕەش:
(( وەکوو مەنصور ئەگەر بشمسووتێنن
(انا القادر) ئەڵێ، گەرد و غوبارم))*٨٠*

بەمجۆرە؛ مەبەستی لە (سەردارەکە) ئەوەیە : ئەمشەو وەک مەنصوری حەللاجم لێهاتووە، کە لەسەر تەختەدار؛ سەری پەڕێنرا بوو، دوای سەرپەڕاندنەکەی؛ بە خوێنە ڕژاوەکەی؛ نووسی (انا الحق)...منیش ئەمشەو بە فرمێسکەکانم؛ ئەنووسم (انا القادر) !
ئەمجار با ئەوشت پێ بڵێم؛ هەندێک جار (کوردیی) لە شیعرەکانیدا؛ ناوی هەردوو (قادر)ی لاوی خۆی و (شێخ قادری گەیلانیی) هێناوە و وابەستەی یەکدی کردوون، وەک لەم شیعرەدا:
(( هەر کەسە؛ عەبد و موریدی مورشیدێکە . سا ئەمن
هەروەکوو (هیجریی) مورید و گیانفیدای هەمناوی تۆم )) *٨١*
...............................................

گەدایی: بەڵام یا شێخ خۆ هیچ نێو قادرێکم تیا نەبینی !

شێخ ڕەزا: بۆ نا ! تیایەتی، بەڵام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ باسی کردوون ، ئەگەر شیعرەکە ڕاڤە بکرێت؛ ئەوکات ئەزانرێت ناوی هەردوویانی هێناوە، (کوردیی) مەبەستی لەم شیعرەدا ئەوەیە کە بڵێت؛ من موریدی شێخ(قادر)ی گەیلانییم . کە هاوناوی تۆیە، ئەی (قادر)ی خۆشەویستم . مەبەستیشی لە (قادر) لێرەدا ناوی خودا(قادر) نییە.. بەڵکوو مەبەستی لە مورشیدە، کە (شێخ قادری گەیلانیی)ە . ئێستە بۆت دەرکەوت کە چۆن هەردوو نێو قدرەکەی هێناوە ؟
...............................................

گەدایی: بڵێم چیی یا شێخ ! سەرم لەو بێنە و بەرەیە دەرنەچوو !

شێخ ڕەزا: دە کەوایە وازی لێ بێنە !
...............................................

گەدایی: من هەڵەیەک بەدی دەکەم..لەو شیعرەی پێشوودا؛ کە تۆ دەڵێیت؛ بۆ (قادر)ی لاو وتراوە؛ شاعیر ناسنێوی (هیجریی) بەکارهێناوە..لێکۆڵەرەوەکانیشمان پێیان وتووتوین (مستەفا بەگی ساحێبقڕان) لە گەنجییدا ناسنێوی (هیجریی) بەکارهێناوە و دواتر وازی لێهێناوە و ناسنێوی (کوردیی) بەکارهێناوە*٨٢* واتە بەپێی ئەو ناسنێوەی بێت؛ دەبێت شیعرەکە؛ هینی سەردەمی گەنجیی و لاوی شاعیر بوو بێت؛ کەچیی بە حسابی تۆ بێت (کوردیی) لە پیرییدا عاشقی (قادر) بووە . پێت وانییە، ئەم دوو شتە یەک ناگرنەوە و بەڕێزتان سەهووتان کردووە ؟

شێخ ڕەزا: وتت لێکۆڵەرەوەکانتان وا ئەڵێن ؟! دە نەخێر ، پێیان بڵێ؛ ئەوان بە سەهوودا چوون ! ڕاستییەکە ئەمەیە کە پێت ئەڵێم: (مستەفا بەگ) هەردوو ناسناوی (کوردیی و هیجریی) بەکارهێناوە هەتا کۆتایی تەمەنی و دەستبەرداری هیچکام لە دوو ناسناوەیش نەبووە، من بە بەڵگەوە پێت ئەڵێم . بۆ نموونە؛ (مستەفا بەگ) لە سەردەمی پیرییدا؛ شیعری لەگەڵ (سەیدیی)ی شاعیری هەورامییدا گۆڕیوەتەوە، لەو شیعرەدا ناسناوی (هیجریی) بەکارهێناوە . (سەیدیی)یش کە هاوتەمەنی (کوردیی) بووە، پێمان دەڵێت کاتی ئەو نامە گۆڕینەوەیە؛ سەردەمی پیرییان بووە؛ وەک ئەڵێت:
(( بە سادار، عەشق یاوام بە پیریی
ئەصڵا ڕام نەکەوت من وەلای ژیریی))*٨٣*
ئەگەر (سەیدیی) پیر بووبێت؛ ئەوا (کوردیی)یش پیر بووە، واتە لە سەردەمی پیرییشدا وازی لە ناسناوی(هیجریی) نەهێناوە..بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئێوەوە .
.....................................

گەدایی: بەڕێز (حەمەبۆر) دەڵێت: (کوردیی) لە ساڵی (١١٩٧)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٧٨٢)ی مەسیحیی لەدایکبووە، ئەو ساڵی لەدایکبوونەشی؛ لەوەوە وەرگرتووە، کە لەسەر ئەمووستیلەکەی (کوردیی)؛ ئەم نووسراوە فارسییە هەبووە: (( احمد است جد و پدر محمود و نامم مصطفی)) کە بە حسابی ئەبجەدیی؛ دەکاتە (١١٩٧) هەروەها (کوردیی) (٧٧)ساڵ ژیاوە و ساڵی (١٨٥٩) مردووە، واتە دەساڵێک دوای ڕوخانی میرنشینی بابان *٨٤* ئێوە لارییتان لەمە هەیە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ لارییم لێی هەیە، چونکە (کوردیی) چەند ساڵێکی کەم دوای ڕوخانی ئەمارەتی بابان مردووە، هەروەها حیسابکردنی ئەو دێڕە فارسییە؛ هەڵەیە و ناکاتە (١١٩٧) بەڵکوو دەکاتە (١١٩١) پێم بڵێ؛ بزانم ئەو بەڕێزە چۆن پیتەکانی کۆکردووەتەوە ؟

...............................................

گەدایی: بەڕێز(حەمەبۆر) بەمجۆرە حسابی کردووە:
(احمد است=٥١٤)+(جدو=١٣)+(پدر=٢٠٦)+(محمود=١٠٤)+(نامم=١٣١)+(مصطفی=٢٢٩) = ١١٩٧
*٨٥*

شێخ ڕەزا: دەی کەوایە؛ هەڵەی لە حسابکردنی وشەی (محمود)دا کردووە، ئەو بەڕێزە بە (١٠٤)ی حساب کردووە، بەڵام لە ڕاستییدا ئەکاتە (٩٨) بەمجۆرە:
(م=٤٠ + ح=٨ + م = ٤٠ + و = ٦ + د= ٤) = ٩٨
ئەمەش مانای ئەوەیە، کە (٦)ساڵی زیادەی بۆ تەمەنی (کوردیی) داناوە .

........................................

گەدایی: بەڕێز (حەمە بۆر) لەبارەی ئەم دێڕە شیعرەی (کوردیی)ەوە:
(( شاهیدان، حەقیانە نازی جوانی بفرۆشن، وەلێ
ئەم بە ماڵ و دڵ؛ ڕەضا نابێتوو سەر یەغما دەکا ))*٨٦*
دەڵێت: ئەم هۆنراوەیە؛ نیشانەی لاوازبوون و شێواویی تیایە، ئاواتەخوازیشە کە سەرچاوەیەکی دی هەبوایە؛ کە لێڵیی ئەو شیعرەی بۆ ڕوون بکردایەوە.... کەوایە بۆچیی من لە تۆ نەپرسم، کە ئەم دێڕەمان بۆ ڕاست و ڕوون بکەیەوە ؟

شێخ ڕەزا: ڕاستە، شیعرەکە شێواو و بێ مانایە، ئەمەش لەبەرئەوەیە دەستکاریی وشەی شیعرەکە کراوە و ماناکەی گۆڕدراوە، کە شیعرەکە خۆی ئاوایە:
(( شاهیدان، حەقیانە نازی جوانیی بکرن، وەلێ
ئەم بە ماڵ و دڵ؛ ڕەزا نابێت و سەر یەغما دەکا)) مانای شیعرەکەش ئەوەیە: ئەوی ئەو دڵبەرە ببینێت؛ هەقیەتی ماڵ و سامانی خۆی؛ لە پێناویدا دابنێت، تاکوو نازی جوانییەکەی بەدەستبێنێت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە؛ ئەم دڵبەرە؛ بە ماڵ و سامان و دڵسۆزیی و دڵ پێدان؛ ڕازیی نابێت و بە لەناوچوون و سەرخورانی دڵدارەکەی دڵی ئاودەخواتەوە .

..............................................

گەدایی: بەڕێز (حەمە بۆر) پێی وایە سروشتی تۆ و (کوردیی) لێک جیاوازە، وەک دەڵێت: (( (کوردیی)، لە هەڵبەستەکانیدا یەکجار بە ئەدەب و زمانپاک بووە، سروشتی (شێخ ڕەزا)ش؛ لە ئاخاوتن و هەڵبەستەکانیدا؛ زۆر دەمپیس و بێ شەرم، چاو لە دەستی خەڵک و خوازەڵۆک بووە و بەزۆری زەمکردنی کەڵکی لە خەڵک وەرگرتووە، بە پێچەوانەی سروشتی کوردییەوە . ئەمجا (شێخ ڕەزا) کە دەبوو هەر لە بنەڕەتدا (کوردیی) نەویستایە؛ بەو حاڵەش (کوردیی) بە یەکێ لە گەورەترین شاعیرانی کورد زانیوە و بەڕێزەوە ناوی بردووە .))*٨٧* ؟

شێخ ڕەزا: لەگەڵ ڕێزمدا؛ ئەو بەڕێزە؛ نە لە من تێگەییوە و نە لە (کوردیی)یش ! من بۆیە (کوردیی)م بە شاعیرێکی هەرە مەزن داناوە و پێی سەرسام بووم ، چونکە سروشتمان لێک نزیک بووە، بە پێچەوانەی قسەی ئەو بەڕێزەوە . ئەمجار ئەوی کە ئەو بەڕێزە ئەڵێت؛ شتم لە خەڵک و خوازەڵۆک سەندووە؛ ڕاست نییە . من بە زۆری شیعر ؛ شتم لە خەڵکی ڕەشو ڕووت نەسەندووە، من ئەگەر تشتێکم وەرگرتبێت؛ لە ( میر و ئەمیر و ئاغا و نەقیب و ئەشراف و پادشا و سوڵتان)م وەرگرتووە . لە ناونیشانی شیعرەکانیشدا ئەمە دەخوێنیتەوە، وەک (ئێستری میر، کەڵەشێر و مریشکی نەقیب، تووتنی ئەسعەد ئاغا،...) ئەو وەرگرتنانەش، زێتر خەڵات و دیاریی ئاشنایی و

ڕۆشنایی و خەڵاتی بەهرە ئەدەبییەکەم بووە... ئەمجار ئەو بەڕێزە ئەڵێت؛ سروشتی من و کوردیی لێک جیاوازە ! ئایا ئەو بەڕێزە هەموو شیعرەکانی کوردیی لە بەردەستدایە؛ تا ئەو بڕیارە بدات ؟

.............................................

گەدایی: بڵێم چیی یا شێخ، ئەوی ڕاستی بێت هەموو شیعرەکانی (کوردیی) لەو دوو بەرگە کتێبەی بەڕێز (حەمەبۆر)دا کە (١٢٢٣) لاپەڕە دەکەن؛ تەنها (١٢٤) شیعرە، ئەویش بە کوردیی و فارسییەوە . واتە لە هەر (١٠٠) لاپەڕەدا؛ تەنیا یەک هۆنراوە هاتووە...منیش لەگەڵ قسەی ویدا نیم بەرامبەر بە ئێوە و پێم وایە؛ بڕیارەکانی بەڕێز (حەمە بۆر)؛ بڕیارێکی سەرپێی و ناکامڵە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا موبالەغە و پێوەنانێکی گەورەی کردووە و تا ئەوەی گەیشتووەتە ئەوەی کە بنووسێت: ((هاکا بڵێم؛ (کەلێن)م لە سەراپای ژیانی کوردیدا نەهێشتووەتەوە و پەیم پێ بردووە ))*٨٨* !

.............................

شێخ ڕەزا: ئەو کەمە شیعرە؛ بە بەرکوڵێک لە شیعرەکانی (کوردیی)یش حساب ناکرێت، دیارە ئەو کەمە شیعرەش کە لەبەر دەستی ئێوەدایە؛ زۆربەیان شیعرەکانی سەردەمی پیریی ناوبراون و زۆرتان لێی هەڵنەکراندووە و دەستتان لە هەمانەکە گیر نەبووە و لویچێکتان لێ هەڵگۆزییوە و واتان زانیوە و کورە هەنگوینەکەتان هەمووی دۆزیوەتەوە ! نەخێر، سروشتی من و (کوردیی) دژیەک و جیاواز نییە، بەڵکوو سروشتێکی چونیەکمان هەیە و کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشمان هەیە؛

من و (کوردیی) ئاشقی شیعری بێپەردە بووین، شیعرەکانی (کوردیی) بۆ (قادر)ی لووسکەلە؛ بێگومان دەچنە قاڵبی شیعری بێپەردەوە، تەنیا ئەوە هەیە، شیعری من؛ هەر تەنیا شیعر بوو، بەڵام ، ئێشەکەی ئەو پتر لە تاقیکردنەوەی تواناى ئەدەبیی بوو، واتە (کوردیی)؛ هەر بە دڵ و دەروون؛ (نێرباز) بوو .

من و (کوردیی)؛ هەردوومان لایەنگری تەریقەتی قدریی بووین، زیاد لەوەش هەردووومان موریدی یەک شێخ بووین، کە ئەویش (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)ە . جگەلەوەش (کوردیی) و (نالیی) و (سالم) لەوانە بوون؛ کە سەردەقی هەجوویان بۆ شاعیرانی دوای خۆیان شکاندووە...(کوردیی) و (سالم) هەجوویان زۆر بووە، بەڵام بەداخەوە بەر دەستی ئەو بەڕێزە نەکەوتوون..تەنانەت هەندێک لەو شیعرانە هێندە جوانن؛ کە بەخۆم لاساییانم کردووەتەوە، بەتایبەتیش شیعرە هەجووەکانی (سالم) .

بە پێچەوانەی قسەی ئەو بەڕێزە کە ئەڵێت؛ (کوردیی) لە شیعرەکانیدا زمانپاک بووە، ئەمە شیعری کوردییە کە ئەڵێت:

(( هێند بەخرۆش و بەتاوە؛ پیرێژن {مردووی مرێ}

ناڵێ بەسیە، بێت و گەر بیگێ هەموو ئەهلی زەمین ))*٨٩*

ئەبێت زمانپاکیی ئەم شیعرە؛ لە کوێیدا بێت ؟

من بەخۆم لاسایی (کوردیی)م کردووەتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی تازە ئەزموون پەیداکردنی شیعر و تافی لاوییمدا، کە زۆر کەوتبوومە ژێر کاریگەریی ئەو شاعیرەوە، بۆ نموونە (کوردیی) شاعیر؛ لە شیعرێکدا ئەڵێت:

((گوتم با ماچی چاوت کەم، بە سندوقی سەری کاکت

گوتی: لا، لێم گەڕێ توخودا، چ بێ شەرم و حەیایەکە )) *٩٠*

منیش لە کۆتایی شیعرێکمدا لاساییمکردووەتەوە و وتوومە:

(( خواستی لێی ماچێ (ڕەزا)، کافرە نەیدایە، وتی:

ئەی خووا؛ لەم کوڕە شێخزادەیە، چەند بێ ئەدەبە ! ))*٩١*

ئەو شیعرە هینی تافی لاوییمە .

.........................................

گەدایی: بەڵێ، بەڵێ، وایە... هەردووتان لە نیوەدێڕی یەکەمدا؛ داوای ماچتان کردووە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا؛ (یار) ماچی پێنەداون ، هەروەها پەنای بە خوا گرتووە لێتان، هەروەها هەردوویشتانی بە (بێ حەیا و بێ ئەدەب) داوەتە قەڵەم . ئەمە لێکچوونێکی زۆرە، ئێ چیدی ؟

شێخ ڕەزا: هەروەها بۆ نموونە زۆر کەڵکم لەو شیعرەی (کوردیی) وەرگرتووە کە لەژێر ناوی (لەقەبی صالحە)یە و لەزۆربەی لە دەستەواژەکانی ناو ئەو شیعرە؛ سوودم وەرگرتووە و لاساییم کردووەتەوە ، نموونەیەک لەو شیعرە؛ (کوردیی) ئەڵێت:
(( بە خەسیسیی نییە مانەندی؛ لە ڕۆم و عەجەما
وەکوو ئەم کوونییە، ئەسپابی موهەییا نەبووە )) *٩٢*
منیش وتوومە:
(( گەواد و تەرەس و مولحید و بێدین و مونافیق
مەردوودێ نییە میسلی، لە مۆسقۆف و عەجەمدا ))*٩٣*
یان (کوردیی) لەبارەی ئەو گەندەمووەی کە خەتی داوە لە دەوری لێوی (قادر) وتوویە:
(( سوپای خەت؛ غەیری مووکێش یانە تیغ چاری نییە لای کەس
بە دەریای عیلمەوە هیچم نەکرد، با بچمە دەللاکی))*٩٤*
منیش لەبارەی (موو)ی ڕیشی (حەمەی وەستا فەتاح)ەوە وتوومە:
((هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە، ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ؛ یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە )) *٩٥*
...............................

گەدایی: دیارە؛ (چا) زۆر دەمێک نییە کە هاتووەتە ئەم وڵاتەی ئێمەوە، (کوردیی)ی شاعیر؛ شیعرێکی هەیە بەسەر (چا)دا،کە لە کۆڕی چا خواردنەوەی فەقێکاندا وتوویەتی، بۆ نموونە ئەو شیعرەی کە لە سەرەتاوە ئەڵێت:
(( چا، مەرهەمی زەخمانە
دەرمانی برینانە
ئەجزایی طەبیبانە
غەمخواری حەزینانە...)) *٩٦* جا دەمەوێت بپرسم ئایا کەسی دیکە پێش (کوردیی) شیعری بۆ (چا) وتووە، یان تازەکیی لەسەردەمی ئەودا (چا) هاتووە و ئەو پێشدەست بووە ؟

شێخ ڕەزا: قوربان ! دیوانی کوردیی؛ وەک سەرجەمی شاعیرانی تر بەخۆیشمەوە، سەروگوێیان شکێنراوە و پۆستکەن کراون....ئەگەر بچیە بنج و بناوان؛ بۆت دەرئەکەوێت کە ئەو شیعرە؛ هینی (کوردیی) نییە..ئەم شیعرە بەهۆی چیرۆکێکی سەرزارەکییەوە کراوە بەناوی کوردییەوە، ئەویش بە دوو گێڕانەوەی جیاواز ! بەڵام ئەصڵی مەسەلەکە ئەوەیە؛ لە سەردەمی (کوردیی)دا؛ (چا) باوی نەبوو و لەناو خەڵکدا بڵاونەببووەوە و ناسراو نەبوو، چ ئەوەی بگات بە دەستی فەقێ کە چینە هەرە ڕەشو ڕووتەکەی کۆمەڵگە بوون !
نەخێر لە سەردەمی (کوردیی)دا؛ (چا) نەهاتبووە کوردستان، بەڵکوو لە دوای (کوردیی)؛ وردە وردە هاتە کوردستانەوە و لەبەرئەوەش کە لە هەوەڵەوە نرخەکەی گران بوو، بۆیە ئەگەر کەسانێک کە هەبوو و دارا و خاوەن سامان و بازرگانی دەستڕۆییو نەبووبان؛ فێزیان بە چاخواردنەوە لێنەدەدا، هەر پاش چەند ساڵێک وردە وردە بەناو خەڵکدا تەشەنەی کرد و خەڵکانی ئاسایی، ئەوانەی توانای کڕینی شەکر و چایان هەبووبا؛ بوونە هۆگری (چا) .
بەخۆم شیعرم هەیە باسی (چا)ی تیا کراوە، وەک وتوومە:
(( چایەکەی مامەغەفوورم؛ زەردە وەک میزی نەخۆش
ئیحتیاج ناکا بە ئاگر، هەر بە دوو تڕ؛ دێتە جۆش )) *٩٧*
...............................

گەدایی: بەڵام بەڕێز (حەمە بۆر) نووسیویە: (( دەبێ ئەوە بزانین؛ (چا) لە سەردەمی (کوردیی)دا هەبووە و لەوەبەر هەڵبەستی ترم لەبارەی (چا)وە نەدیوە، بەڵام لە دوای (کوردیی) هەڵبەستی هۆنەرانی دیکەمان هەن، لەوانە (حەریقیی)...)) *٩٨* ؟

شێخ ڕەزا: بەڵام ئەوە تەنیا قسەیە و بەڵگەی لەتەک نییە، لە ڕاستییدا (چا) لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە؛ هاتە ناو شاری کەرکوکەوە، شاری (سلێمانیی)یش لە دوای کەرکووک، پێی گەیشت، (مامە غەفوور)م کە ئەڵێم لە دیوەخانەکەیدا (چا) هەبووە؛ مانای ئەوە نییە؛ لەوەتەی هەیە؛ (چا)ی هەبووە، نەخێر، بەڵکوو لە تەمەنی پیرییدا؛ ئاشنای (چا) بوو، مامە غەفوورم؛ ساڵی (١٣٠٧)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٨٨٩-١٨٩٠)ی مەسیحیی

مردووە *٩٩* . بەڵام لە پێش چایەدا؛ (قاوە) هەبووە، ئەویش خواردنی هەر کەس نەبووە و ئەگەر کەسێک خاوەن لا و دیوەخان نەبووبا؛ پێی هەڵنەدەسووڕا .

..............................................

گەدایی: بەڵێ، قسەکەت تەواوە...ئەوەتە بەڕێز (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە)ش دەڵێت: (( بۆ یەکەمجار؛ (چا) لە نێوان ساڵانی (١٨٨٥-١٨٩٠) هاتە سلێمانییەوە و خەڵکیی پێی ئاشنا بوون و دواتریش چاخانەش کرایەوە *١٠٠* ))

شێخ ڕەزا: بەڵێ، وەک پێموتیت؛ دیوانی شاعیرانمان فرە شێواو و گەند کراوە، هەر لە شیعر لێ زیادکردن و دەستکارییکردنی وشە شیعرەکان و چیرۆک هەڵبەستن بۆ شیعرەکان... لە دیوانی کوردیی بڕوانە، بزانە چۆن دەستکاریی وشەکانی تیا کراوە، هەر بۆ نموونە سەیری شیعری ژمارە(١٠٦) ی بەرگی دووەمی دیوانەکە بکە کە بە هەڵە ژمارە (٦٠١)ی بۆ دانراوە، لە شیعرەدا ئەم فیعلانە بەرچاو ئەکەون: (ئەلووڕێنێ، ئەبیەن، ئەڕازێنێ، هەڵدەسووڕێنێ، دەناڵێنێ، ئەبێ، ئەبیسێنێ) ئەبینین؛ لە حەوت فیعلە؛ پێنجیان بە (ئە) دەستپێئەکات و دووانیان بە (دە) دەستپێئەکات، یەعنی نیشانەی فیعلەکانیان جیاوازە و کراون بە ((بانێک و دوو هەوا)) *١٠١*

..............................................

گەدایی: هەرچەندە قسەکردن لەگەڵ پایەبەرزاندا؛ هەندێک قسەی ناحەز و جنێو و وشەی نەشیاوی تێدەکەوێت؛ بەڵام هێشتا زۆرم کەیف بە دیدار و هەڤپەیڤینتان دێت و ناخوازم خەبەرم بێتەوە؛ تا عەشاماتێک پرسیار کە پێویستن، لێتان نەپرسم ! لەوانە؛ لەبارەی خۆت و (کوردیی) و (سالم) و (مەحویی) و کێ و کێ...ئەمێسا با بپرسم؛ ئایا ناهەقی ئەو خەڵکە دەگرێت؛ کە دەڵێت؛ شیعر و دیوانیان شێواندووم...لە کاتێکدا وەک دەڵێن؛(( بەخۆتان شیعری خۆتان نەنووسیوەتەوە و شیعری خۆتان نەخستووەتە سەر کاغەز و هەر دەم بە دەم ماوەتەوە)) *١٠٢* و خەتا لە خۆتانەوەیە ..من ئەمەم لەبارەی ئێوەوە خوێندووەتەوە؛ کە شیعری خۆتت نەخستووەتە سەر کاغەز و هەر ڕاستەوخۆ شیعرت وتووە و بۆ شیعر دانەماویت، لە هەرکاتێکدا ویستبێتت؛ شیعرت وتووە و بۆت هاتووە . هەروەکوو دەشڵێن؛ هەرکاتێک شیعرت وتبێت؛ سەرت بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە، کە هۆکاری ئەمەیان لێ پرسیویت ؛ وتووتە: بۆیە سەر بەرزدەکەمەوە؛ چونکە کاتێک دەمەوێت شیعر بڵێم؛ هێندە وشەی جوان جوان و یەک لە یەک باشتر بە دەرزەن هوروژم بۆ مێشکم دەهێنن؛ خەریکە مێشکم بتەقێ. بۆیە لە تاوان سەر بەرزدەکەمەوە ؟ *١٠٣*

شێخ ڕەزا: ئەو لوتفی خۆتانە و منیش خۆشحاڵم لە دەمەتەقێ لەگەڵ ئێوەدا؛ لەو قسەیەوە کە وتراوە؛ ئەوە دەردەکەوێت کە ناوبانگی من؛ گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە خەڵک وەک ئەفسانەیەک تێیان ڕوانیوم . خەڵک چەندان ئەفسانەیان بۆ هۆنیومەتەوە، وەک ئەوەی تا ئەوەی؛ منیان بردووەتە پلەیەک؛ کە لە گۆشت و خوێن درووست نەبووبم !! ئەوە سەیرە؛کە پێیان وا بووە؛ من شیعرم بە وەحی بۆ هاتووە ! سەیروسەمەرەیە؛ کە پێیان وا بووە؛ وەکچۆن مریشکێک کە بۆ ئاوخواردنەوە سەر بەرزئەکاتەوە؛ منیش بۆ شیعر؛ ئاوها سەرم بەرزکردۆتەوە ! نەخێر، بەڵکوو شیعر لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی مانایەکی جوان؛ لەگەڵ ڕێکخستنێکی جوانی وشەدا درووست دەبێت . شاعیر، پێغەمبەر نییە؛ کە ئلهام و وەحی و سرووشی بۆ بێت؛ بەڵکوو شاعیر؛ کەسێکە توانای بەسەر هێنانەوەی مانای جواندا زاڵە و توانای بەسەر هێنانەوەی وشەی جوان و گونجاودا دەشکێت و لە ڕێکخستنی وشەکاندا زاڵە...ئەوش ڕاست نییە؛ کە من شیعرم هەر بە دەمیی وتبێت...ڕاستە زۆرێک لە شیعرە کورتەکانم لە (یەکینە و چوارینە)کانم؛ بە سەرپێیی و سەرزاریی وتوون، بەڵام شیعرە درێژەکانم؛ بەشێوەیەکی گشتیی؛ بە دانیشتن و پێوەماندووبوون و دۆزینەوەی قافیە و وشەی گونجاو و وشەکاریی و لەسەر کاغەز نووسین هاتوونەتە بەرهەم...من شیعری خۆمم نووسیوەتەوە چەند شیعری درێژی وەک هەجووی کاکەیی و یان ئەوی باسی بنەماڵەی خۆم و چیی و چیی...بۆ یان دانیشتووم و نووسیومن؛ ئەوجار بڵاوم کردوونەتەوە..ئەمە بێ لەوەی کە چەندان کەس بە نامە داوایان کردووە، شیعرەکانمیان بۆ بنێرم، لەوانە (مەلامحەمەد کەریمی سەقزی)کە وتویە؛ لە ڕێی (مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی)ەوە؛ کە ئارەزووی شیعر کۆکردنەوەی هەبوو؛ شیعرەکانی بۆ بنێرم. وەک بۆی نووسیوم: (( مستدعی و خواهشمندم چند از لآلی منظومه کلام خودتان از هر قبیل کە حاصر و نسخه اش موجود است خواه توحید و خواه نعمت و خواه قصیده و خواه سخریه و جمله قطعه و خواه غزل و خواه رباعی کە در این صفحات بسیار مرغوب و مطلوبند خاصه در نزد حقیر بە صورت گوگرد احمر دار و در صحابت (ملا عبدالله) برسم هدیه و امغانی کە در

نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدلند با جواب حقیر ارسال بفرمائید تا بنشر و ترویج آنها اکثریرا در این صفحات بلفظ جنابعالی ممنون بدرج صنایع آنها بیدار بیایم چنانکه خودتان؛ در مدح ایل (جاف)؛ فرموده اند: ((حیفه که برزی تیغ مجوهر لغیلافا)) *١٠٤* ئەمەش بێ لە نامە شیعرییەکانم، کە من لە ژیانمدا سەدان شیعرم بەشێوەی نامەشیعر ناردووە، لەوانە هەر بۆ نموونە؛ئەو شعرنامەیەی؛ کە بۆ (حاجی ئەسعەد)م ناسردووە، یا ئەو نامەشیعرییەی کە بۆ (حەسەن ئاغای مەحموودئاغا)م ناردووە: تیایدا وتوومە
((ئەو هەموو شیعرە کە ناردم؛ کەڵەشێرێکی نەنارد
جەدی ئەعلایە، نەقییزادەیە، خۆی بێخێرە )) *١٠٥*
نووسیومە ((ئەو هەموو شیعرە کە ناردم)) باشە ! شیعر چۆن دەنێردرێت ؟ لەسەر کاغەز نانووسرێت و ناێردرێت ؟ ئیدی چۆن ئەبێ بڵێین؛ شێخ ڕەزا، شیعری نەنووسیوەتەوە و هەر بە دەمیی وتوویەتی ؟
................................................

گەدایی: ئەو (حەسەن ئاغا)یە کوڕی (مەحموود ئاغا شێروانە)یە ؟

شێخ ڕەزا: نەخێر ، (حەسەن ئاغا) کوڕی( مەحموودئاغا)یە لە بنەماڵەی غەفووریی شارۆچکەی کۆیە، ناوبراو پیاوێکی خانەدان و خاوەن تەکیە و دیوەخان بوو، تەکیەکەی لە شارۆچکەی کۆیە؛ بە ناوی خۆیەوە بوو (تەکیەی حەسەن ئاغا) *١٠٦* ئەوجار ئەو (مەحموود ئاغای شێروانە)یەی کە تۆ ئەیڵێیت، هەڵەیە، ئەو کابرایە؛ ناسنێوی (ئاغا) نەبووە و ڕاستەکەی (مەحموود بەگی شێروانە)یە .
...............................

گەدایی: ئەها بیرم کەوتەوە ! ئێوە شیعرێکتان وتووە بە بۆنەی کوژرانی (محەمەد پاشای جاف)؛ کە پاشان بووە هۆی هێرشی (مەحموودپاشای جاف ) بۆ سەر جوامێر هەمەوەند و کەرەم وەیسییەکان، لەو شیعرەدا باسی (مەحموود بەگی شێروانە)تان کردووە، ئایا هاوپەیمانی مەحموودپاسا بووە یان چیی ؟

شێخ ڕەزا: من نازانم باسی چیی ئەکەیت ! کوانێ من بە شیعر باسی شەڕی (مەحموودپاشای جاف) و (جوامێر هەمەوەند)م کردووە ؟!
..................................

گەدایی: ببوورە ڕەنگە لە یادتان نەمابێت، جەنابتان لەم چوارینەیەتاندا باستانکردووە، خۆ ناڵێین شیعری من نییە ؟!
((جەنگ گاهی جوکل و مەحموودبەگ شێروانە بوو
ئافەرین مەحموودبەگ، لەم جەنگەدا شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هات و لێم پرسی چلۆن بوو ئەم شەڕە
وردە وردە بۆی بەیان کردم کەچی شیرڕ وا نەبوو ))*١٠٧*

شێخ ڕەزا: باشە کێ پێی وتووی؛ ئەم شیعرەم بەو بۆنەیەوە وتووە ؟
................................

گەدایی: ئەوەم لە قسەی بەڕێز (ئومێد ئاشنا)وە ڕاگواستووە، لەو دیوانەی بۆ جەنابتانی ئامادە کردووە *١٠٨*

شێخ ڕەزا: شیر وا نییە ! من ناڵێم شیعرەکە هینی من نییە، بەڵام ئەو شیعرە بەو بۆنەیەوە نەوتراوە کە باسکراوە، جارێ هەندێک وشەی شیعرەکەتان گۆڕیوە، با بیانهێنمەوە سەر ڕەتی خۆیان:
((جەنگ گاهی جوکل و مەحموودبەگی شێروانە بوو
ئافەرین مەحموودبەگ، لەم جەنگەدا؛ شێر، وا نەبوو
وەقتێ قاسید هاتەوە؛ لێم پرسی: چۆن بوو ئەم شەڕە ؟
وردە وردە بۆی بەیانکردم، کەچیی شیر؛ وا نەبوو ))*١٠٩*
مەسەلەکەش بەوجۆرە بوو کە (جوامێرئاغای هەمەوەند)؛ کە (جوکل)یشیان پێ ئەوت؛ پاش ئەوەی لە چەند شەڕ و پەلاماردا؛ زیان لە سوپای عوسمانیی ئەدات و لایەنگرەکانی تاڵان ئەکات؛ ڕوو ئەکاتە شاخی (حەسەن قولی خان)

و ئەیەوێت بگەڕێتەوە بازیان . (مەحموود بەگی شێروانە)؛ پیاوێکی بەدەسەڵات بوو، وا بە چاک ئەزانێت کە لەگەڵ (جوامێر ئاغا)دا بجەنگێ، کە هیچ نەبێ؛ نیوەی تاڵانییەکەی لێ بسەنێتەوە...بەڵام کاتێ هەردوولا ئەکەونە جەنگەوە؛ (مەحموود بەگ) دەشکێت و هەمەوەندیش پێشێلیان ئەکەن و ماڵی هەندێک لە پیاوەکانیسی تاڵان ئەکەن،*١١٠*
وەک ئەڵێن؛(( بۆ ڕیش چوو؛ سمێڵی نایە بانی))
.............................

گەدایی: دەزانین کە جەنابت؛ چەندان شیعرت هەیە لەسەر کەڵەشێر، کە هەر یەکەی تامو بۆی سەردەم و کاتێکی جیا جیایان لێ دێت و دەزاشزانین لە چەندان شیعردا؛ داوای کەڵەشێرت لە چەندان کەس کردووە..دەمەوێت؛ کەمێک باسی داواکردنی کەڵەشێرم بۆ بکەیت لە (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) ؟

شێخ ڕەزا: من چەندان شیعرم بۆ چەندان کەس نەناردووە، وەک ئەوەی تۆ وتت . هەروەها شیعرەکانیش؛ لە چەند کات و سەردەمی جیا جیادا نەنووسراون، بەڵکوو وەک ئەڵقەی زنجیر؛ دوا بەدوای یەک هاتوون...شیعرەکانیش لەسەر کەڵەشێر ! تەنیا بە دوو کەسەوە پەیوەستە، (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) و (نەقیبزادە- سەید نووری نەقیب) ..ئەوجار ئەوەش هەڵەیە؛ کە شیعرەکانت لەژێر ناونیشانی (کەڵەشێر)دا ناوبرد، چونکە لەو شیعرانەدا باسی (دوو مریشک و کەڵەشێرێک) کراوە، تۆ دوو مریشکەکەت لێ لاداوە، ئەشێتبە ناوی (شیعری کەڵەشێر و مریشک) ناویانبنێیت .
هەوەڵی چیرۆک و باسەکەش ئەوەیە؛ من لە شیعرێکدا داوای کەڵەشێرێک و دوو مریشکم لە (نەقیبزادە-سەید نوری نەقیب) کردبوو، وەک لە بەشی کۆتاییدا وتوومە:
(( جنسی خۆی؛ جووتە مریشکێ؛ بەری حەملەی بگرن
نەکوو سوێی بێتەوە بێچارە؛ لەبەر بێ گانیی
ئەی (نەقیبزادە)، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپییەکەی گەیلانیی ))*١١١*
..............................................

گەدایی: یاشێخ، هێندەی من بزانم؛ لەو شیعرەدا؛ ویستووتە؛ هەست و سۆزی (نەقیبزادە) بەوە بجووڵێنیت' کە پێی دەڵێیت؛ من موریدی دڵبەستەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)م و کابرایەکی ئایینپەروەرم و هەردوومان؛ پێرەوکەری یەک ڕێبازین (ڕێبازی قادریی)

شێخ ڕەزا: ئا.....جا کاتێک (سەید نووری) گوێی خۆی لێ خەواند و خۆی لێ خافڵاند و تەنانەت لە ناردنی شتێکی هێندە بێ ئەهمیەتییشدا قسووریی کرد؛ منیش لەهەق ئەو قسوورییم نەکرد و بەمجۆرە دامشۆریەوە:
(( ئەو هەموو شیعرەم کە نارد؛ کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە، نەقیبزادەیە، خۆی بێخێرە )) *١١٢*
..............................................

گەدایی: بەڵام یا شێخ؛ جەنابتان فەرمووتان کە سەرەتای چیرۆکەکە؛ لەو شیعرەی پێشووەوە؛ دەستی پێکردووە، کەچیی لەم شیعرەدا هاتووە: (( ئەو هەموو شیعرە کە ناردم ...)) ئەمە واتای ئەوەیە کە پێش ئەم شیعرە؛ تەنیا هەر ئەو شیعرەت نەناردووە، بەڵکوو دەبێت شیعری دیکەتان بۆ ناردبێت بۆ داوای کەڵەشیر ؟
شێخ ڕەزا: نا...ئەوە تەنیا موبالەغەیە و مەبەستی من لە چەندان شیعر نییە، بەڵکوو مەبەستی من؛ چەندان دێڕە شیعرە، من لە بری ئەوەی کە بڵێم حەوت بەیتە شیعرم بۆ ناردوویت؛ ئەڵێم؛ حەوت شیعرم بۆ ناردوویت . من هەر بەزۆریی بەو شێوەیە ڕاهاتووم و وەهام حساب کردووە . بۆ نموونە؛ لەم شیعرەدا :
(( بەسە ئەم شیعرە؛ بۆ وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان:
سەگەنێریان لەدوون، وەک سەگەمێ؛ جوملە بەبان ))*١١٣ *
من لە نیوەدێڕی ئەم تاک بەیتەدا، باسی نیوەدێڕی دووەمم کردووە و وەک شیعرێکی سەربەخۆ؛ باسم کردووە، کەچیی لە ڕاستییدا شیعرێکی سەربەخۆ نییە و تەنیا قسەیەک یان نیوەدێڕێکە؛ بەڵام وەک پێموتیت؛ ئەمە شێوازی من بووە و وەهام لێکداوەتەوە، یان جارێکی تر؛ لە دێڕی یەکەمی چوارینەیەکدا؛ باسی دێڕی دووەمم کردووە و دێڕی دووەمم وەک شیعرێکی سەربەخۆ ناساندووە:

(( زوبدەی مەتاعی حیکمەتە؛ ئەم شیعرە کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە؛ حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە، (زیهنی)
ئالودە دامەنی مەکە بۆ {پێچی مێزەرێ} )) *١١٤* لە ڕاستیدا ئەوە شیعرێکی سەربەخۆ نییە؛ بەڵکوو پەندێکی پێشینانە و وەک ئامۆژگارییەک بەکارمهێناوە و وتوومە: ئەی زیهنی، پەردەی حەیا کورتە و بۆ ژیانێکی کورت کە ((پێچی مێزەرێکە)) و فڕەیەکە و تەواو ئەبێت؛ لەکەداری مەکە .
..................................

گەدایی: ئەم شیعرەی ئێرە؛ لەتەک ئەوی ناو دیوانەکانت جیاوازیی هەیە، بەڵام دەمەوێت دواتر لەم بارەیەوە لێت بپرسم ئەگەر بیرم نەچێتەوە، ئەمێسا دەمەوێت بچینەوە سەر باسی (مریشک و کەڵەشێرەکان) و بپرسم: چۆن بزانین کە تۆ هەر لەخۆتەوە (سەید نووری)ت تاوانبار نەکردووە و کێ دەڵێت؛ (نەقیبزادە) ئەو شیعرەی جەنابتانی شنەوتووە و یان دیویەتی؛ تاکووداواکارییەکەتان بۆ بنێرێت ؟

شێخ ڕەزا: قسەکەت لەجێی خۆیدایە . بەڵام من ئێستە دڵنیات دەکەمەوە کە (نەقیبزادە) شیعرەکەی پێ گەییوە، بەڵام خۆی کەمتەرخەمیی تیا کردووە...ئەوە بڵێم؛ شانازییە بۆ من؛ کە ئەگەر شیعرێکم بە تایبەتیی بۆ کەسێکیش ناردبێت؛ جا ئەو کەسە لە ئێران و تورانیش بووبێت؛ دەم بە دەم و دەست بە دەست؛ شیعرەکە گەیشتووەتە هەموو لایەک و گەیشتووەتەوە کوردستانی خۆمان و هۆگران و داخوازانی؛ قۆستوویانەتەوە...جا چ بگات بەوەی کە من ئەو شیعرەم بۆ ئەو کەسە خۆی ناردبێت ! ئیدی چۆن دەبێت پێی نەگاتەوە ؟! تەنانەت ئەو شیعرەی کە تۆ ئەڵێیت وەک تیر؛ گەیشتووەتە کۆیە و کەسێکی نەجیبزادەی وەک (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا) بیستوویەتیەوە، بۆیە لەلای خۆیەوە بڕیاری داوە کەڵەشێرێکم بۆ بنێرێت، هەر بۆیە منیش بە شیعرێک؛ پەسنی (حەسەن ئاغا)م کردووە و ڕێزیم داوە بەسەر (نەقیبزادە)دا و هەجووی (نەقیبزادە)م پێ کردووە:
(( بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا
کەفی فەیازە، دڵی واسعە، چاوی تێرە)) *١١٥*
تەنانەت فەزڵی (کۆیە)؛ کە شاری (حەسەن ئاغا)یە داومە بەسەر (سلێمانیی و کەرکووک و تاوق و هەولێر)دا، ئەمە هەمووی لەبەر کەڵەشێر و مریشک نەبووە، بەڵکوو ئەو شارە؛ هەمیشە مەرحەمەت و موحیبەتیان بۆ من هەبووە و هەمیشە دەستیان پێمەوە بووە و خاکە و خەڵووز و تووتن و ئاژەڵ و چارەوێ و خەڵات و دیارییان بۆ هەناردووم، من هەموو خاکی کوردستان گەڕاوم، خۆم بە خەڵکی هەر جێیەکی کوردستان دەزانم، ئەگەر هەجوو و تانەم لە جێیەکیش دابێت؛ ئەوە لە کۆنە قین و قین لە دڵی نەبووە، بەڵکوو تەنیا لە ڕۆحی سوعبەتەوە هەڵقوڵاوە، دەنا من هەموو جێیەکی کوردستانم خۆش گەرەکە و بە چاوی خۆمیان دەزانم . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا؛ هیچ جێیەکی کوردستان؛ تەنانەت بە شاری کەرکووکیشەوە؛ هێندەی (کۆیە)؛ ڕێزیان لێ نەناوم و قەدریان نەگرتووم، (کۆیە) بۆ من ببوو بە (دایە و باوە) و قەرزیان زۆر بەسەرمەوەیە:
(( نە وەک شاری سولەیمانییە کۆیە؛ بۆ کەرەم
نە وەکوتاوق و کەرکووکە، نە وەک هەولێرە)) *١١٦*
جا هەر لەو شیعرەی سەرەوەدا؛ بیری (حەسەن ئاغا)م خستووەتەوە؛ من داوای تەنیا یەک کەڵەشێرم لە (نەقیبزادە) نەکردووە، بەڵکوو داوای کەڵەشێرێک و دوومریشکم کردووە، بۆیە ئەگەر دەینێرێت و پیاوەتیی دەکات؛ دەبێت بەتەواویی بیکات و لێی نەقرتێنێت و دوو مریشکەکەش بنێرێت !
(( دوو مریشکی لەگەڵدا؛ کە فریشکی نەکەوێ
خرتی چەند ساڵەیە، ئەڵبەت بە مریشکان فێرە ))*١١٧*
تەنانەت پێش ئەوەی کە کەڵەشێرەکەم پێ بگات؛ پێم گەیشتووەتەوە کە کەڵەشێرەکە، چاوێکی کوێرە . مەبەستم لەوەیە هەواڵی برادەران زۆر بەپەلە بە دەستم ئەگەیشت؛ هەروەها شیعر و هەواڵی منیش زۆر بەپەلە بەناو هاوڕێیانمدا پەخشان ئەبوو ...
..............................................

گەدایی: ئایا مریشک و کەڵەشێرەکانت پێ گەیشت ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، پێم گەیشت !

(( ئەو مریشک و کەڵەشێرە؛ کە وتم بینێرە
دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشیی لێرە
شەو، هەموو دەس بە دوعا بووین، لە وەختی سەحەرا
کەڵەشێر، ئەمری خودای کرد و وتم وای شێرە ))*١١٨*
.............................................

گەدایی: یاشێخ، ئەگەر لێمی قبووڵ بفەرموویت؛ هەندێک بیروبۆچوونی تایبەتیی خۆم بڵێم لەبارەی ئەم چیرۆکەوە بەتایبەتیی ئەم شیعرەی دوایی ؟

شێخ ڕەزا: بۆ نا ؟ قبووڵە .
.................................................

گەدایی: بە ڕای من خووی جەنابتان وا بووە؛ هەمیسە لە کاتی داواکردنی شتەکاندا و پێش بە دەستکەوتنیان؛ سوپاسگۆ و ڕەزامەند بوون، بەڵام دوایە بێ منەت و بێ بەهاتان کردووە . بۆ وێنە؛ ئێوە هەرچەند زانیوتانە؛ کەڵەشێرەکە؛ چاوێکی کوێرە؛ کەچیی هەر پێی شکور بوون !
(( هەدیەیەک لە تەرەف دۆستەوە بێ؛ شوکری ئەکەم
پێی ڕەزامەندم، ئەگەرچیی؛ تەرەفێکی کوێرە ))*١١٩*

شێخ ڕەزا: نا...نا... وەک ئەوە نییە کە تۆ ئەیڵێیت . هەر بەخۆی باسکردنی ئەوەی کە (حەسەن ئاغای مەحموود ئاغا)؛ پیاوێکی وەها گەورە؛ کەڵەشێرێکی کوێر دەکاتە دیاری بۆ شاعیرێکی گەورەی وەک (شێخ ڕەزا) بۆ خۆی تانەیە..پێشینان وتوویانە: ((گوێزی کوێر؛ ناکرێتە دیاری)) ، ئەمە ئامۆژگارییە بۆ ئەو کەسەی کە دیاریی دەنێرێت، بۆ ئەو کەسەش کە دیارییەکە وەردەگرێت ئامۆژگاریی کراوین کە نابێت عەیب لە دیارییەکە بدۆزینەوە و ڕەخنەی لێ بگرین:(( ئەسپی خەڵاتیی؛ تەماشای ناکرێت)) بەڵام من ڕەخنەم لە دیارییەکە گرتووە و عەیبەکەیم داوەتەوە بە چاویدا ! دیارە (حەسەن ئاغا) خۆی سەری لەوە خوراوە، کە کەڵەشێرێکی کوێرم بۆ بنێرێت؛ تا بزانێت هەڵوێستی من چۆن دەبێت ! دەنا دەیتوانی دیارییەکی بێ کەموکورتیی بنێرێت و بڵێی لە (کۆیە) (چاوساخێک)ی دەستنەکەوێت ؟! هەڵوێستی من ئەوە بووە؛ ((ماڵی قەڵب؛ سەر بە ساحێبێتی)) عەیبەکەیم داوەتەوە بە چاویداوە و شکاندوومەتەوە ! و داوای ئەوەم کردووە کە کەڵەشێرێکی ساخ و زیتم بۆ بنێرێت، هەر کەڵەشێرێکی سەڵت و ڕووتو قووت نا؛ بەڵکوو مادام قسەی کردووە، دەبێت دوو مریشکەکەشی لەتەک بنێرێت، واتە تووشی قسەی خۆیم کردووە...واتە دەمزانی؛ بڕیاری داوە کە بینێرێت و تووشی قسەی خۆی بووە، بۆیە من مەرجم بۆ ناردنەکەی داناوە...واتە ئەوەی کە وتوومە ((شوکری ئەکەم و پێی ڕەزامەندم)) دیوێکی دیکەی هەیە...وەک ئەوەیە بڵێیت؛ (( فلان کەس تێکڵە گوێزم بۆ دەنێرێت، زۆر مەمنوویم)) ئەم (مەمنوون بوونە) واتای ئەوەیە کە (مەمنوونی نیم ) ! ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی کە لەسەر من کردت .
.......................................................

گەدایی: بەڵام لە کۆتاییدا بە ڕۆحێکی گاڵتەئامێزەوە، ویستووتە دیارییەکە بێ بەها بکەیت، تەنانەت وەهاشت نیشانداوە سوودت لە دیارییەکە نەبردووە، چونکە دوو مریشکەکە؛ لە ڕێ مرداربوونەتەوە و کەڵەشێرەکەش بەنەخۆشیی و دەردەداریی گەیشتووەتە حزوور و پاس شەوێک؛ ئەویش مرداربووەتەوە !
کەسێک کە بزانێت؛ کەڵەشێرێک لە مرداربوونەوەدایە؛ چەقۆی لەسەر مل دادەنێت و سەری دەبڕێت، بەڵام گوایە؛ ئێوە دوعاتان لەسەر خوێندووە و شەونەخەویی(شەونخونیی)تان بەدیارەوە گرتووە تا مرداربووەتەوە، ئێوە ڕووحی گاڵتەوگەپتان بە بەردا کردووە، کەڵەشێر و مریشکەکانت؛ وەک مرۆڤ نیشانداوە، بەدیار کەڵەشێرەوە دانیشتوون؛ وەکچۆن منداڵ بەدیار باوکیانەوە دەمێننەوە لە سەرەمەرگدا ! هەروەها بە مرداربوونەوەی مریشکەکان دەڵێیت (مردن) و بە مرداربوونەوەی کەڵەشێرەکەش دەڵێیت: ((ئەمری خوای کرد)) !

شێخ ڕەزا: بەڵێ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەمە ئەو هەڵوێستە بوو کە (حەسەن ئاغا) چاوەڕێی دەکرد و سەری لێی دەخورا، ئەمە تۆڵەیەک بوو لە بەرانبەر بەو دیارییەی کە لە ئەنقەست بە نابووتیی ناردبووی .
.............................................

گەدایی: لە ناوەڕاستی باسی کەڵەشێر و مریشکدا؛ چوارینەیەکت هێنیایەوە کە لەگەڵ هینی دیوانەکان جوادایی هەیە، بەتایبەت دێری دووەم، کە لە دیوانەکاندا؛ بەمجۆرەیە:
(( جامەی حەیاتی عارییەت کورتە، زینهار
ئالوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ )) *١٢٠*
لەوێدا بە (زینهار) هاتووە و جەنابتان بە (زیهنی) هێناتانەوە ؟

شێخ ڕەزا: ئەوە خەڵەتێکی گەورە ئەبێت؛ ئەگەر وا نەبێت ، چونکە ئەو شیعرە هەمووی لەسەر ئەو وشەیە بەندە، ئەو وشەیەش؛ واتە (زیهنی)؛ ناوی شەخسێکە و مەبەست لێی (مستەفا زیهنی پاشای بابان)ە . واتە ئەم شیعرە هەجوو و پەروەردەدادانی (زیهنی پاشا)یە .
............................................

گەدایی: من پەسن و پیاهەڵدانی ئێوەم بۆ ئەو کابرایە دیبوو، ئەویش بە فارسیی نەک بە کوردیی..نەمزانیبوو کە هەجووشتان کردووە !

شێخ ڕەزا: زۆر کەس هەبووە لە بەراییدا وەسف و پەسنیم داوە، بەڵام دواتر هەجوویشم کردووە، پێشتر باسی (عیزەتی تەل)م بۆ کردیت، ئەتوانیت؛ ئەوە بە نموونە وەربگریت، هەروەها بە پێچەوانەوە، زۆرجار هەجوو و تانەی کەسێکم کردووە؛ کە دواتر و بەپێی بارودۆخی خۆی زمانی شەڕم بۆی کردووە بە زمانی هەنگوین، بۆ نموونە وەک ئەمەی کە لێرەدا بۆت باس دەکەم . من کە هەجووی (زیهنی پاشا)م کرد، سەیرئەکەم هەندێک کەسی سووک و بچووک گەز گەز باڵای پێ ئەکەن و ئەیانەوێت ئەو شیعرانە بکەن بە ماڵ بەسەر (زیهنی پاشا)وە و خۆیانی پێ کەیفخۆش بکەن و ئەو پیاوە گەورەیەی پێ لەکەدار بکەن...بۆیە منیش تاکوو لمۆزی ئەو ناحەزانەی پێ بشکێنم و سەریان لە عەردی بدەم؛ لە شیعرێکدا عوزرخواییم بۆ هێنایەوە و خۆمم نزمکردەوە تا ئەوی پێ بەرز بێتەوە و ناحەز و گلاوانی پێ خۆش نەبێت، چونکە شیعری من؛ لە چاوگەی گاڵتەوگەپەوە هەڵقوڵاون، ئەگەر بشزانم خەڵکانێک؛ بۆ مەبەستێکی خراپ کەڵکی لێ دەبەن، ئەوا لێی پەشیمان بوومەتەوە . هەر بۆیە؛ ئەمجار (زیهنی پاشا) م نووسییەوە:
(( جەوهەری مەحزە لە هەردوولا، وەکوو تیغی دەبان
داکی شابانووی ڕەواندز؛ بابی شازادەی بەبان
(شێخ ڕەزا)ش هەجووی بکا؛ باز ئیعتیباری بۆ نییە
چااک، خراپ نابێ؛ بە شیعری شاعیرێکی قەڵتەبان )) *١٢١*
............................................

گەدایی: ئایا ئەو (زیهنی پاشا)یە؛ دایکی ڕەواندزیی و باوکیشی بابانیی بوو ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ... جا با بە جوانیی تێتبگەیەنم؛ساڵی (١٢٦٦)ی کۆچیی؛ بەرانبەر بە (١٨٤٩-١٨٥٠)ی مەسیحیی؛ (ئەحمەد پاشای بابان) ؛ پیاوانی زانا و ناسراوی ناردبووە خوازبێنیی (فاتمەخان)ی خوشکی (ڕەسوڵ پاشا)ی میری سۆران، بۆ (حوسێن پاشا)ی ئامۆزای خۆی ...ئەو بوو؛ (ڕەسووڵ پاشا) ڕازی بوو و خوشکی خۆی دا بە (حوسێن پاشا)ی ئامۆزای ئەحمەد پاشا و بە دەبدەبەی شاهانە؛ بووک گوێزرایەوە و لەو دوو توخمە پاکە؛ (مستەفا زیهنی پاشا و حەمدی بەگ) دوو گەوهەری نادیدە کەوتوونەوە *١٢٢*
من جارێکی دیکە؛ هەر ئاوا کەسێکی دیکەم هەجوو کرد، ئەویش (فەرید ئەفەندی) جێگری قازی بوو، بەڵام پاشان عوزرخواییم بەم شیعرە بۆ هێنایەوە:
(( نائب روشن دلی هجو ایلین معذوردر
یاندیغندن زشت رو آیینەیی تقبیح ایدر ))
واتە؛ ئەوی جێگری دڵڕۆشن دادەشۆرێ؛ پاساوی بۆ هەیە. ڕووناشیرینان؛ لە داخا؛ ئاوێنە بە دزێو دادەنێن *١٢٣*
........................................

گەدایی: تۆ دەڵێیت؛ خەڵکی (کۆیە)ت زۆر خۆشدەوێت و ئەوانیش تۆیان زۆر خۆشدەوێت، کەچیی لە هەمانکاتدا جنێوی زۆر پیسیشت بە خەڵکی کۆیە داوە، وەک لە چوارینەیەکتدا دەڵێیت:

(( دەوری وەسمان بەگ؛ لە کۆیە؛ ژن نەما نەیگێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من؛ نیسبەتی ئیین و ئەبە
ئەلغەرەز سۆزانیی و زانیی؛ لە کۆیی چاترن
موختەسەر چاکە قسە، کوونیی بە، کۆیی مەبە ))*١٢٤* ؟!

شێخ ڕەزا: خۆشەویستیی من، لە ناخی دڵمەوە بووە و ڕق و قینیشم تەنها سەرزارەیی و لێویی بووە، من هەموو شتەکانم وەک تاقیکردنەوەی تواناى ئەدەبیم تێم ڕوانیوە، هەروەها تۆ ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێک برادەرتدا خەریکی گۆبەند و جەفەنگ پێکترکردن بن؛ لە ناو خۆتاندا؛ دەبن بە چەند پەڕلە و گرۆیەک، زۆرجاریش لەلایەکیان دەرئەچیت و ئەچیتە سەر لاکەی دیکە... خۆ هەردوولا هەر هاوڕێتن، وا نییە ؟ ئەوی لە نێوانیشتاندایە و بەیەکتری دەکەن بۆ زاڵبوونی گرۆکەتان و تامی زاڵبوون و بردنەوەیە، نەک دوژمنایەتیی و ڕکەبەریی..ئەوی منیش هەر وەها بووە، زۆرجار لە پەرژینی شارێکەوە چوومەتە سەر شارێکی دیکە و پاڵم داوە بە پاڵیانەوە، لێرەدا لەبەر سلێمانیی؛ ئەمەم بە (کۆیە) کردووە .

..........................................

گەدایی: لەبەر سلێمانیی ئەمەت بە کۆیە کردووە ؟ ئەو (وەسمان بەگ)ە کێیە و لە سەردەمی ئەودا چیی لە کۆیە ڕوویداوە و چیرۆک و باسی ئەم شیعرە؛ چییە ؟

شێخ ڕەزا: (عوسمان بەگ)، لە شارۆچکەی کۆیێ حاکم بوو، ژنی ئەم (عوسمان بەگ)ە؛ لە (کۆ) چووبوو بۆ حەمام...(ئەوڕەحمان ئاغای غەفووریی) لەسەر ڕێی ڕائەوەستێت و بە ژنەکە ئەڵێت: (( ئەمشەو؛ نۆبەتی جێی منە ! )) ژنە؛ ئەچێتەوە کن (عوسمان بەگ) و پێی ئەڵێت؛(( یان تۆ مێردم بە؛ یان ئەوڕەحمان ئاغا)) . لەسەر ئەوە؛ (عوسمان بەگ)، پەلاماری بنەماڵەی غەفووریی ئەدا و ئاغاکان لە قەڵا ئەپەستێوێ، دواتر بەفێڵ لە قەڵا؛ ئەیانهێنێتە دەرەوە و لە گردی سێوکە؛ هەموویانی کوشتن . لە ئاغایانی غەفووریی؛ جگەلە منداڵی بچووک؛ کەسیان لێ دەرنەچوو، ئەوانەی هەڵهاتن و قوتار بوون؛ پەنایان بردە لای میری ڕەواندز (میر محەمەدی گەورە) کە ئەودەم لە هەولێر بوو، هانیاندا کە بچێتە سەر کۆیە و بیگرێت....*١٢٥*

.......................................

گەدایی: ئەوی تۆ باسی دەکەیت؛ من بە جۆرێکی دیم بیستووە: ئەوکاتی (داود پاشا) هێشتا نەببوو بە والی و لەگەڵ (سەعید پاشای والی) دژبەیەک وەستا بوون؛ (داود پاشا) هاتبوو بۆ کوردستان و پەنای بۆ (مەحموود پاشا) هێنابوو، (داود پاشا) دەیویست هەموو میرانی بابان؛ بەلای خۆیدا کێش بکات، داوای لە (خالید بەگ)ی موتەصەریفی کۆیە و هەریر کرد؛ کە ملکەچیی خۆی بۆ دەربڕێت، بەڵام (خالید بەگ) ڕەتی کردەوە و دڵسۆزیی بۆ (سەعید پاشا) دەربڕی، بۆیە (داود پاشا) داوای لە (عوسمان بەگ)ی برای (مەحموود پاشا) کرد کە هێرش بەرێتە سەر کۆیە، ئەویش هێرشی بردە سەر کۆیە و بە ئاسانیی دەستی گرت بەسەر کۆیە و هەریردا *١٢٦* ؟

شێخ ڕەزا: نا، ئەوە دوو شتی جودان، ئەوی باستکرد، ڕاستە و ڕووی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوی من باسی ئەکەم جودایە، من باسی سەردەمی پاش ئەو شەڕە و دەسەڵاتگرتنە دەستی (عوسمان بەگ) دەکەم، واتە ئەم ڕووداوە لە پاش ئەوەوەیە کە تۆ باستکرد . (عوسمان بەگ) جگە لەو کاتەی کە باستکرد لەسەر کۆیە لائەبرێت و دیسانەوە هێرش ئەکاتەوە سەری و ئەیگرێتەوە؛ ئەویش دوای ئەوەش کە نێوانی (مەحموود پاشا) و (داود پاشا) تێک ئەچێت؛ کە ببوو بە والی بەغداد و ساڵی ١٢١٦ی هیجریی؛ (محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا)ی کردبوو بە فەرمانداری کۆیە، (مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا) هێرشی هێنایە سەر کۆیە و دەوری شاری کۆیەی دا و (٤٥) ڕۆژ شەرکرا، لە ئەنجامدا؛ بە مەرجی ئەوەی کە (محەمەد پاشا) بە ساغیی بڕواتە بەغداد؛ قەڵا بەدەستەوە درا و (مەحموود پاشا) چووە ناو شار و (عوسمان بەگ)ی برای بە حاکمی کۆیە دانایەوە *١٢٧*

......................................

گەدایی: جارێکی دیکەش بە (کۆیە) دەڵێیت:

(( هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی حیزییشی هەبێ؛ ئەمجا بە تەحقیق کۆییە ))*١٢٨* ؟

شێخ ڕەزا:من لەم شیعرەدا داخی چەند کەسێکی کۆیەم ڕشتووە بەسەر هەموویاندا، ئەو شیعرەم لەسەر ئەوە دانا، کە بەهۆی هەندێک کەسی فیتنە و بەدگۆوە، دووبەرەکیی کەوتە شاری کۆیەوە و لەلایەن چەند کەسێکی بۆلواو کە ڕۆژگار بە ویستی ئەوان دەچەرخا؛ چەند پیاوی ڕووناکبیر و هەڵکەوتەی کۆیە، ئەشکەنجەخواردوو کران، یان دەربەدەر و پەرتەوازە کران... بۆ نموونە پێشتر باسی (حاجی قادری کۆیی)م بۆ کردیت کە هەڵهات لە دەستیان، بەخۆم ماوەیەک لە کۆیە؛ لەلایەن مامەوە دەستی دەستیم پێ کرا لە بەڵێنی درۆ و ناپیاویی مامم تێیدا نەماوەوە و هەڵهاتم . ئەوە (ئەختەر ئاغا)ی شاعیر و خانەدان؛ چەند جار شکاتیان لێ کرد و چەند جار بەیت و بالۆرەیان بۆ هۆنییەوە و حکومەتی عوسمانیی هەر ڕۆژ بۆ لایەکیان ئاوارە دەکرد و سجنیان دەکرد .ئەوە (کەیفیی)یش کە لەوێ جێی نەبووەوە... ئیدی بە کورتیی؛ کەسێکیان تیا هەڵنەکەوت؛ کە چاڵی بۆ هەڵنەکەن و نەیدەن بە زەویدا، کەچیی بەم هەموو فیتنەگۆ وشەیتان و بەدکارانەوە؛ هێشتا (مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە)؛ وەکوو شاخ پێی چەقاند و بۆیان نەدرا بە زەویدا، هەر بۆیەش وتوومە:
(( حاجی عەبدوڵڵا، لە ئادەم فیلترە
باوجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ؛ لە جەننەت دەرپەڕی )) *١٢٩*
لە ڕاستییدا زۆریشیان بۆ (حاجی عەبدوڵڵا) هۆنییەوە، (حاجی عەبدوڵڵا) بەخۆی زۆر کێشەی هەبوو لەگەڵیاندا، بەڵام هێشتا لەگەڵیاندا دەری برد و لەحەق ئەودا ئاواتیان نەهاتە دی...ئەگەر بزانیت بەتایبەت ئەوسا؛ هەرچیی مەلا و فەقێ بوون؛ دانوویان لەگەڵ وشکە سۆفییەکاندا نەئەکولا، هەر لایەی بە یەکتریان ئەوت زەندیق ! یەعنی وەزعێک بوو؛ سەگ لە گیانی خۆی وەڕز ئەبوو ، بە تایبەتیی ئەم وەزعەش لە کۆیە زۆر قوڵ ببووەوە، (حاجی عەبدوڵڵا) زۆر خراپ پیایاندا هەڵپژا و لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی (حاجی عەبدوڵڵا)؛ خاوەن پێگەیەکی دیار بوون لە کۆیە؛ هیچیان بۆی لەگەڵ نەدەکرا و دەرەقەتی نەدەهاتن و لەدەستیشی وە زاڵە هاتبوون، سەردەستەکەیان کە (مەلانەبی) بوو، کە هەوڵی داوە لە ڕێی دەوڵەتی عوسمانییەوە (مەلا عەبدوڵڵا) دەمکوت بکات، بەڵام لەبەرئەوەی (مەلا عەبدوڵڵا)؛ وەکوو (حاجی قادر) بێ دەس و بێ کەس نەبووە؛ ئەوەی بۆ نەچووەتە سەر، بۆیە پەنای بردووەتە بەر شێخی هەورامان، بۆیە تکا لە شێخ زیائەدین ئەکات؛ کە هەوڵ بدات؛ (حاجی عەبدوڵڵا) بەلای خۆیاندا ڕابکێشێت، یان هەرهیچ نەبێت؛ داوا لە (حاجی عەبدوڵڵا) بکات کە دەستیان لەسەر هەڵبگرێت و هێندە تانەیان لێ نەدات. هەربۆیەش شێخ زیائەدین؛ نامەیەک بۆ (حاجی عەبدوڵڵا) ئەنێرێت و داوای لێ ئەکات؛ کە هێندە دۆست و خۆشەویستەکانی نەڕەنجێنێ و هێندە لەناو خەڵکدا نەیان شکێنێت . (حاجی مەلا عەبدوڵڵا)ش بۆی ئەنووسێتەوە: ئەو سۆفی و دەروێشانەی تۆ باسیان ئەکەیت؛ کەسانێکی نەزان و بەدکار و هیچ لەبارا نەبوون، بەڵام لەبەر تۆ؛ وازیان لێ ئەهێنم و ئەیانبەخشمە تۆ، وەک (حاجی عەبدوڵڵا) لە بەشێکیشیعرەکەیدا؛ ئەڵێت:
(( لەبەر شێخان؛ ئەگەرچیی دین براوە
بە شیری تۆ؛ زمانی من براوە
حەقیقەت مایە و دایەی فەسادن
بە فەیزی شەرع و دین؛ بەدنیهادن
کوللی یەکیان؛ قاتیعی ڕێگەن، بە جددیی
ئەون میسداقی ئایەی ( لا یهدی )
وەلێ بۆ خاتری تۆ؛ بەندەیانم
زوبانم دەگرم لە حەقیان؛ تا بتانم )) *١٣٠*
(حاجی عەبدوڵڵا)؛ لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، کەم وێنە بوو، بەڵام لە ڕووی شیعرەوە، لەبەر ئەوەی کە شیعری زۆر نەوتووە؛ بە شاعیر دانانرێت و ڕێزی ئەو لە زانستەکەیدایە، هەروەکوو لەبارەی ئەوەوە وتوومە:
(( میرود شعر من و علم جهانگیر شما
هردو بی فایده، تا جای اقامت روم است)) *١٣١*
واتە (زانستی بەربڵاوی تۆ و شیعری درەخشانی من....تاوەکوو پێگەیی ڕۆمە، بێهوودە و بێسوود دەچن )....ئەم شیعرە دوو واتای هەیە،
یەکەم: شیعر و زانستی من و تۆ؛ بە فیڕۆ دەڕوات، هەتا ڕۆم(تورک) لەسەر حوکم بێت .

دووەم: شیعر و زانستی من و تۆ بەبێ سوود ئەڕوات، هەرچەندە هەتا پایتەختی ڕۆمەکانیش ئەڕوات .
لە ڕاستییدا؛ خۆیشم داوام لێ کراوە؛ کە بچمە سەر ڕێبازی نەقشبەندیی، بەڵام خەیاڵپلاو و خەیاڵبلاو بوون:
(( کهنه رندی چون (رضا) از خاندان قادری
نقشبندی کی شودء اسلام آنکه کافری
من همانم شیر نررا در کمندم آورده ام
ماده روباها؛ تو خواهی در کمندم آوری ؟! )) *١٣٢*
واتە: (ڕەزا) لە خانەدانەکانی ڕێبازی قادرییە، چۆن داوی لێ ئەکەن کە ببێتە نەقشبەندیی، کە وەک ئەوەیە؛ موسڵمان ببێتە کافر، منم کە شێرم بە گوێ گرتووە، کەچیی ئەمێستا ڕێوی خوێریی دەیەوێت بمخاتە ڕاوم بکات !!
..............................................

گەدایی: دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم، ئەوی کە لەبارەی حاجی قادری کۆییەوە، زانیارییان داوینێ و پێمان گەیشتبێت؛ (حاجی قادری کۆیی) هیچ دڵدارێکی نەبووە و لە هۆنراوەکانیشیدا ناوی هیچ دڵبەرێکی خۆی نەهێناوە، جەنابتان لە (حاجی قادر)ەوە نزیک بوون، بۆیە دەمەوێت بزانم، کە ئێوە هیچ دڵبەرێک لە ژیانی (حاجی قادر)دا شک پێ دەبەن ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، (حاجی) عاشقی ئافرەتێک بوو، بە ناوی (جیهان خاتوون)، تەنانەت لە شیعریشدا؛ ناوی هێناوە، وەک لە شیعرێکدا کوڵی ئەوینی خۆی بۆ هەڵئەڕێژێ و پێی ئەڵێت: (( تۆ بیلبیلەی چاوی پڕ گریانی منیت ، تۆ (زین)ی منیت و منیش (مەمی ئالان)ی تۆم، لەوەتەی خوا مرۆڤی درووست کردووە؛ جوانێکی حۆریئاسای وەک تۆ ؛نەهاتۆتە دنیاوە )) . با سەیری شیعرەکەی (حاجی) بکەین:
(( (جیهان) بوویتە، جەزیرەی بەحری دیدەم
بـەبێ بوهتـان؛ ئـەتۆ (زیـن) و ئـەمـن (مــەم)
لە جینسی ئادەمیی؛ وەک تۆ نەزاوە
پەری ڕوویەک؛ لە ئادەم تا بە خاتەم ))*١٣٣*
مەبەستی لە (جەزیرەی بەحری گریەم) =(دوورگەی ناو دەریای چاوم) ...بیلبیلەی چاویەتی .
...................................

گەدایی: کێ ناڵێت؛ ئەم هۆنراوەیەی بۆ پیاوێک نەوتووە ؟! یان با بڵێم کێ ناڵێت؛ (جیهان) پیاو نییە ؟!

شێخ ڕەزا: قوربان، ئەو (جیهان)ە ئافرەتە، نەک پیاو . هەر ئەبێت بەوەدا بیزانیت؛ کە (جیهان)ی شوبهاندووە بە (خاتوو زین) خۆیشی کردووە بە (مەمی ئالان)ی عاشقی ئەو، ئەگەر ئەو (جیهان)ە پیاو بوایە؛ ئەوا وەکوو (کوردیی)ی شاعیر ئەوی ئەشوبهاند بە (یوسف) و خۆیشی دەچواند بە (یەعقوب)، هەروەها (جیهان)ی شوبهاندووە بە (پەری) کە لە جینسی (مێ)یە، ئەگەر نێر بوایە، ئەیچواند بە (غیلمان) کە جنسی (نێر)ە .
ئەوەتا (حاجی) لە شیعرێکی تردا پێمان ئەڵێت؛ ئافرەتێکم خۆش ئەوێت؛ ناوەکەی (جیهان)ە و لە هەموو جیهاندا؛ لە وێنەی نییە و وەکوو (جان= گیان)خۆشەویستە:
(( لە بەینی زوڵف و خاڵ و نوونی ئەبرۆ
بە ئەلفی قامەتی ؛ جامی جیهانە )) *١٣٤*
مەبەستی (حاجی) ئەوەیە؛ وشەی (جان) لە ناوی (جهان) ی دڵبەری ئەمەوە هاتووە و (ج+ه+ا+ن) ج: زوڵفی یارە و ه: خاڵی لالێو یان ڕوومەتی یارە و ا: باڵای یارە و ن: برۆی یارە، بە ئاشکراش وتوویەتی کە (ئەلفەکە= ا) دەکەوێتە نێوان سێ پیتەکەی دیکەوە، واتە وشەکە (جهان)ە !

.................................

گەدایی: (حاجی قادری کۆیی) کە چوو بۆ تورکیا؛ حاڵی لەوێ چۆن بوو ؟ ڕاستە دەڵێن حاڵی زۆر خراپ و کولەمەرگیی و نەمر نەژی بووە ؟

شێخ ڕەزا: (حاجی)، لەوێ؛ لە ڕووی بژێویی و دارابییەوە؛ زۆر باش بووە، چونکە لە ئەستانە(ئەستەنبوڵ)؛ لە ماڵی بەدرخانییەکان؛ دەرسی میرزادە بەدرخانییەکان ئەوتەوە *١٣٥*

..............................

گەدایی: ئەی بۆچیی دەڵێن؛ لەوێ؛ (حاجی) هێندە دەستتەنگ بووە، کە مۆم و چرایەکیشی نەبووە کە لەبەریدا دابنیشێت، ئەگەر (حاجی) لە ماڵی بەدرخانییەکان بوو بێت؛ چۆن نامەی لە تاریکیی و بێ چراییدا دەنووسی، وەکوو خۆی دەڵێت :

(( شەوێ دانیشتبووم، بێ شەمع و میسباح

ئەتۆی هێناوە یادم؛ کاکە فەتتاح .... )) *١٣٦* ؟

شێخ ڕەزا: ئەوی ئەم شیعرەی ڕاڤە کردووە، بە هەڵە لێکی داوەتەوە، (حاجی) نەیوتووە، لەو شەوە بێ چرایەدا؛ نامەی نووسیوە، بەڵکوو نووسیویە، شەوێکیان لە تاریکییدا؛ بیری هاوڕێیانی وڵاتی غەریبییم کەوتەوە، (حاجی) لە کاتێکی تردا نامەکەی نووسیوە، واتە شەوی دانیشتنەکە؛ لە پێشتر بووە و هەمان کاتی نامە نووسینەکە نییە، دەنا ئەیوت (ئەمشەو) و نەیئەوت(شەوێ)..ئەوجار کێ ئەتوانێت لە تاریکییدا نامە بنووسێت ؟! ،،، پێویستە ئینسان کەمێک ئەقڵی بکاتەوە ! شیعرەکەش پتر بۆ ئەوە ئەچێت؛ کە باسی بێوەفایی هاوڕێکانی بکات و (شەوی تاریک)ی بە هاوڕێکانی خۆی چواندبێت ! یان بەپێچەوانەوە، لە تاریکیی شەودا ئەستێرە دەردەکەون، واتە هاوڕێکانی خۆی بە (ئەستێرە) چواندووە و بە بینینی ئەستێرەکان؛ ئەوانی بیر کەوتووەتەوە.واتە هاوڕێکانی خۆی؛ وەک ئەستێرەی ئاسمانی ژیانی خۆی دانابێت . . هەروەها لەتاریکیی شەوێکدا؛ بیرکەوتنەوەی هاوڕێیان؛ واتای هەژاریی و نەداریی تێدا نییە، بەڵکوو وەک ئەوەیە کە بڵێیت لە تاریکیی شەودا ئەم ڕوانییە ئەستێرەکان . ئایە ئەمە هیچ فەقیریی و نەبوونیی تیایە ؟ نەخێر .

ئێمە نابێت؛ یەکجار بەو سادەییە؛ لە شتەکان بڕوانین .بە نموونە کاتێک (حاجی) لە کۆتایی شیعرێکیدا ئەڵێت:

(( گەلێک قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو

کەچیی لە بەختی کەچم؛ خامە نووکی؛ شکا )) *١٣٧*

بەم شیعرە نابێت بڵێین مانای فەقیریی و نەبوونییە، چونکە (حاجی قادر) نووکی قەڵەمەکەی شکاوە و قەڵەمی دەستنەکەوتووە؛ شیعرەکەی پێ تەواو بکات ! نەخێر، بەڵکوو (حاجی) نە قەڵەمی شکاوە و نە هیچ، بەڵکوو تەنیا وەک جوانکارییەک؛ بەوشێوەیە کۆتایی پێ هێناوە. دەنا؛ ئەبێت بیر لەوە بکەینەوە؛ ئەگەر (حاجی) لە نیوەدێڕی کۆتا بەیتی ئاخیریشدا نووکی خامەکەی شکابێت، ئەدی چۆن نیوەدێڕی دووەمی ئەو شیعرەی تەواو کردووە؛ لە دوای هەواڵی شکانەکە ؟!

......................................

گەدایی: دەوترێت؛ (مەحویی)ی شاعیر؛ شیعری پیاهەڵدانی بۆ (سوڵتانی عوسمانیی) وتووە و لە پاداشتیدا؛ تەکیەی بۆ درووست کردووە، یان پەسنی (حەمە عەلی قاجاری) ی سەرکردەی خوێنڕێژی ئێران داوە و بەخششی لێ نەدیوە.......بەڕێز (عومەر عەزیز مەحویی) لە کتێبێکدا دەیەوێت؛ بەمشێوەیە بەرگریی لە (مەحویی) بکات و لە بارەی ئەو قسانەوە؛ دەڵێت:

((ئەگەر (مەحویی)؛ ئەو هەڵوێستەی بەوجۆرە نواندبێ؛ ئەوا هەندێ شاعیران و هاوشان و هاوسەردەمی؛ هاتوون لەبەر خاتری (کەڵەشێرێ) یان (بزنەلاتێ)؛ بە ئەم و ئەویاندا هەڵداوە و هەرگیز پیاهەڵدراوەکە؛ شان و شکۆمەندییان کە هەرگیز بە ئاقاری نەگەیشتۆتەوە )) *١٣٨* پێم وایە مەبەستی ئەو قسەیەی لە جەنابتە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، شک و گومانی تێدا نییە، کە مەقسەدی لە منە و ڕووی قسەی لە منە . چونکە شیعری (کەڵەشێر ) و (بزن) هینی منن...

ئەو بەڕێزە؛ ویستوویەتی دەستە چەورەکەی (مەحویی) بە من بسڕێت ! ئەمە وەک ئەوەیە؛ بۆ نموونە بە کەسێک بڵێین: (( بۆچیی دزیی ئەکەیت ؟ )) ئەویش بڵێت: (( ئەی بۆچیی خەڵکیش دزیی ئەکەن ! ))

(عومەر عەزیز) نازانێت؛ کە پیاهەڵدان؛ هەر پیاهەڵدانە، وەکچۆن دزینی هێلکەیەک و دزینی گایەک؛ هەر دزیی پێ ئەوترێت .

ئەو (عومەر عەزیز)ە؛ فێری فەنی پەردەپۆشکردنی عەیب و عار نەبووە و پەردەیەکی تەنکی داوە بەسەر نەنگییەکاندا، کە هیچ سوودێکی نییە و نەنگییەکان هەر دیارن، چونکە لەو قسەیەی کردوویەتی چەند شتێکی مەبەستە:

یەکەم: ئەیەوێت هەڵەی (مەحویی) ی پاپیرەگەورەی و دەستە چەورەکەی؛ بدات بەسەر کەسێکی تردا و نایەوێت ددان بە هەڵەی پاپیرەگەورەیدا بنێت، وەک ئەوەی مەعصوم بێت !
دووەم: ئەیەوێت بەو قسانە؛ فەزڵی (مەحویی) بدات بەسەر مندا، کە ئەوەش مەحاڵێکە بۆ خۆی ، چونکە مەحوییەکی وشکەسۆفی؛ کە لە کونجی تەکیە بۆ درووستکراوەکەیدا لە تەڕ ئەیخوارد و لە وشکیی ئەخەوت؛ شیعرەکانی لە چەند چوارچێوەیەکی تەسکی وەک چوارچێوەی ئاینییدا گیری خواردووە و ...
...............................

گەدایی: بەڵام پێت وا نییە؛ کە ئەم قسەیەی جەنابتان؛ بەکەم نرخاندنی شاعیرێکی گەورەی وەک (مەحویی)ە ؟

شێخ ڕەزا: کوڕم،ئەوە قسەی من نییە بەتەنیا، (عومەر عەزیز مەحوی) بخۆیشی ئەم قسەیەی من ئەسەلمێنێت چاو لە هەمان ئەو کتێبە بکە، کە لە پەراوێزێکدا؛ (عومەر عەزیز) بەخۆی نووسیویە: (( شیعرەکانی مەحویی؛ لە فەلسەفە تەسەوفەکەدا و شیعرە ئاینیەکاندا گیریان خواردووە و خۆیان دەبیننەوە )) *١٣٩* !
وەک وتم؛ وشکە سۆفییەکی بەوشێوەیە؛ کە جگەلە تەسەوفێکی وشک و برنگ لە شیعرەکانیدا؛ ئیدی گوێی خۆی ئاخنیوە لە هەموو دەردێکی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی، وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبێت، شیعرەکانی ناوبراو؛ مەگەر بەخوێی چێشت؛ تەعبیر لە ڕۆژگار و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بکات . ئەمە جگەلەوەی کە من هەوڵم ئەدا زیاتر بە کوردیی پەتیی بنووسم؛ ئەویش بەدوای وشەی باق و بریقی عەرەبییدا ئەگەڕا ، ئەو پاشەڕۆکی (نالیی) چنیوەتەوە و لە جێپێی (نالیی)، پێی دائەنا، بەڵام من ڕچەی تایبەت بە خۆم کردەوە .
(عومەر عەزیز) نازانێت؛ ئەگەر (مەحویی) پەسنی (سوڵتان)ی داوە؛ منیش پەسنیم داوە، پەسنی شای ئێرانی داوە؛ منیش پەسنیم داوە....بەڵام من هەجووی سوڵتانم کردووە و (مەحویی) نەیکردووە، من هەجووی شای ئێرانم کردووە و خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕیوە لە مردنی؛ بەڵام (مەحویی) نەیکردووە...ئەگەر (مەحویی) زاتی بکردایە و تەنانەت وەکوو منیش نا؛ بەڵکوو تەنیا بە دوو کەلیمە؛ بە خراپ زمانی لە حەق سوڵتان بجوڵاندایە، ئەوا ئەو کولانە(خانەقا)یەی کە هەر (سوڵتان) خۆی بۆی درووست کردبوو، بەسەریدا ئەیرماند و ئەیپلیقاندەوە !
بەدبەختیی من لەوەدا بووە؛ کە (سوڵتان)؛ مەدح و ڕیاکارییەکەی منی نەچووە بەدڵا و مەدح و ڕیاکاریەکەی (مەحویی) وەبەر دڵ کەوتووە، ڕەنگە ئەو؛ ماستاوەکەی خەستتر بوو بێت، هەر بۆیە (مەحویی)؛ ڕێوی بەرەو پیری هاتووە و لە سای ئەو کلکەلەقێی و کلکەسووتەیەی کە بۆ (سوڵتان)ی کردووە؛ کەوتووە بەسەر پارووی چەور و خانەقا و تەخت و بەختی پێ پەیدا کردووە، کە هەتا دەمی مەرگی؛ هەر تیکەی زلە زلەی پێوە خواردووە، لەبری ئەوەش کە بڵێت: ((خوایە لێت بەزیاد بێت)) دڵنیام هەردەم وتوویە: (( سوڵتان لێت بەزیاد بێت )) !
ئەوە حاڵی (مەحویی) بوو، کە لە ناو پێچ و لوولی بابۆڵەی چەوردا (مەحو) ببوو ! کەچیی منیش لەگەڵ زگی خۆمدا؛ شەڕەشۆقم ئەکرد و لە حوجرە پەڕپووت و کەلەلاکەمدا هەر زگی خۆمم هەڵئەگوشی و زگم بە زگی خۆم ئەسووتا !
(( حوجرەیەکم هەیە؛ بە قەدەر لەپێ
بە ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بە شەو ئەتەپێ )) *١٤٠*
من لە برسان لاتەرەم ئەدا و ئەویش لەسای نازی سوڵتانەوە، گورگەخەوی ئەکرد؛ تا پێی بڵێن زاهید و خواناسە ...
(مەحویی) هەتا سەرفی عومریشی کرد، هەر بە سوپاسبژێر و ئەڵقە لە گوێی (سوڵتان) مایەوە و لە هەموو عومریدا؛ خوا نەکات زاری هەڵبپچڕێت و وشەیەک دەرببڕێت؛ کە دڵی (سوڵتان) گەرد بگرێت .
ئەم دێرەی (مەحویی)؛ بۆ خۆی بەکارئەهێنمەوە:
((...سایەی هومایی دەوڵەتە؛ کەوتۆتە سەر سەرت
داوێنی هەوری ڕەحمەتە؛ مفتی لە دەست نەدەی )) ! *١٤١*
ڕاستییەکەی ئەگەر منیش وەکوو (مەحویی)؛ بەختم بیهێنایە؛ ئەوا منیش تا ئەمردم؛ سوپاسگۆی سوڵتان ئەبووم !
بەڵام چیی بکەم؛ یان بەختم نەیهێنا یان ماستی ماستاوەکەی (مەحویی) مووی کچی شای پەریانی تێدا بوو، دیارە (مەحویی) لە ماستاوکردندا پێشی هەموانی داوەتەوە و لەو ڕووەوە هێندەی ئەوم توانا نەبووە و ئەبوو لەو بابەتەدا هەندێک وانەم لەلای بخوێندایە !
وا بزانم؛ خۆشبەختیی خوێنەران؛ لە بەدبەختییەکەی مندا بووە، چونکە ئەگەر من بەختم هەبوایە بێبەش نەکرامایە و بکەوتمایە بەسەر کاروانسەرایەکی بەلاشەدا، ئەوا دەمی خۆمم ئەگرت و متەقم لەخۆم ئەبڕی و ئەموت: ((ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە )) ئەمێستا ئەو شیعرانەشم نە دەکەوتە بەر دەستتان، کە بەرئەنجامی ئەو جۆرە ژیانەی منە .
...........................................

گەدایی: بەڵام یاشێخ؛ یەکجار بەوشێوەیە کە باسی (مەحویی) دەکەیت؛ گوناهت ئەگات، چونکە ئەویش شاعیرێکی کەم نییە .

شێخ ڕەزا: چاوەکەم، من شەڕم بەوان نەفرۆشتووە، ئەوان یەخەی منیان گرتووە، ((بزن نەیخورێت، چیی داوە لە نانی شوان ؟! )) من ئەسڵەن لە ژیانییشمدا هەر لەگەڵ (مەحویی)دا دانوومان پێکەوە نەکوڵاوە و هەر ئەوێکاتیش؛ بە شیعریش لێکتر گیراوین .

.......................................

گەدایی: مەبەستت ئەوەیە؛ کە هەجووی یەکدیتان کردووە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ ، لە نێوان من و (مەحویی)دا چەندان شیعری سەرکووتانەوەی یەکتر وتراوە، ئیدی نازانم چەندێکی بە دەستی ئێوە گەیشتووە ؟

........................................

گەدایی: وەڵڵا هیچ ئاگامان لێی نییە و باسیش نەکراوە؛ کە تۆ و (مەحویی) هەجووی یەکدیتان کردبێت، ئەگەر خۆت بۆمان باسبکەیت؛ مەمنوونت دەبین .

شێخ ڕەزا: وەک پێم وتوویت؛ من سەر بە ڕێبازی قادریی و تەکیە بووم، (مەحویی)یش سەر بە ڕێبازی (نەقشبەندیی) و خانەقانشین بووە و خەلیفەی (شێخ بەهادینی بیارە) بووە، جا عەرزت بکەم؛ سەرەتای هەجووی نێوانمان لەوەوە داکەوت؛ کە من هەجووی خانەقا و شێخانی خانەقام کردبوو، شانازییشم کردبوو بە تەکیەوە و فەزڵی تەکیەم دابوو بەسەر خانەقادا، بۆ وێنە؛ لە شیعرێکدا وتوومە:
(( سێ ئیسم هەن، بێ موسەمما، هەروەکوو ئاوی بەقا
تەیری عەنقا؛ شاری جابولقا، پڵاوی خانەقا )) *١٤٢*
واتە؛ خانەقانشینان، ئەوەندە لاتوپوتن؛ کە هەرگیز پڵاو بەخۆیانەوە نابینن (ئەمەش موبالەغەیە و پێچەوانەکەشی ڕاست بوو !)
یان لەبارەی شێخێکی خانەقاوە وتوومە:
(( لازمە بۆ شێخ؛ سبەینان گورگەخەو
تا بڵێن؛ شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو )) *١٤٣*
ئیتر خەڵک و خوا؛ ئەم شیعرانەیان گەیاندووەتە گوێی (مەحویی) و وتوویانە؛ (شێخ ڕەزا) مەقسەدی لە تۆ و خانەقاکەتە ! خۆ ئەگەر مەقسەدی لە تۆش نەبێت؛ ئەوا ئەو هێرشی کردووەتە سەر خانەقا و شێخی خانەقا، ئەوا تۆیش ئەگرێتەوە ! لەمەوە؛ ئەویش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵیکوتاوەتە سەر ڕێبازی قادریی و شێخی قادریی، وەک لە شیعرێکدا ئەڵێت:
(( شێخێ؛ هەمەوەندێکی ئەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فوحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جەواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قوتتاعی تەریقم، نەکوو قوتتاعی تەریقەت )) *١٤٤*
جا (حەمدون)ە کوێریش؛ هاتووە ئەم چوارینەیەی (مەحویی) تەخمیس کردووە، چونکە (حەمدون) و (خاکیی-مەلا قادری سەرکانی) و چەند شاعیر و کەسی دیکە وەک(مەلانەبی) و (مەلامەحموودی مەزناوەیی)؛ لایەنگری (مەحویی) بوون و لە یەک پێر بوون، من لەگەڵ هەموویاندا کێشەم هەبوو و لەگەڵ و حەمدونیش پێکدا هەڵپژاوین، جا (حەمدون) لەم بەینەدا؛ هەم بۆ تۆڵەی خۆی و هەم بۆ یاریدەدانی (مەحویی) و فراوانکردنی بەرەی جەنگەکە ئەوەی کردووە، چونکە تەخمیسکردن لەسەر شیعرێک کە هەجووی ئێمە بێت؛ وەک ئەوەیە ؛ کە بەخۆی هەجوومان بکات، ئەمەش تەخمیسەکەی (حەمدون):
(( تا ئێستاکە؛ وا تێئەگەیشتم بە حەقیقەت
یەک زەڕڕە نەمابێ ئەبەد بەحسی شەریعەت
سەد شوکری خودا؛ ئێستا؛ لە دیوانی مەشیخەت

شێخێ هەمەوەندێکی ئەدا وەعز و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فوحش و فەزیحەت

مەردێکی بەغیرەت بوو، وتی: ئێمە بناسن
یەک زەڕڕە؛ نەترسا، سەری ڕەقتر بوو لە ئاسن
باکی نەبوو ئەسڵەن؛ نە لە دۆست و نە لە دوژمن
خۆش هاتە جەواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قوتتاعی تەریقم، نەکوو قوتتاعی تەریقەت )) *١٤٥*

جارێ با واز لە هەجووی نێوان خۆم و حەمدوون بهێنم و لە ڕەت دەرنەچم ... جا ئەم شیعرەی (مەحویی) بەدڵنیاییەوە؛ مەقسەدی لە تەکیەی تاڵەبانیی و ڕێبازی قادریی ئێمەیە، چونکە بەزۆریی لەو شوێنانەی کە هەمەوەند هەن؛ تاڵەبانییش هەن و سەر بە ڕێبازی قادریشن، شتەکە ڕوونە . مەگەر ئەوەی کەسێکی ڕەشۆکیی تێینەگات . خۆ قابیلە (مەحویی) نەیویستووە هەجووی شێخێکی ڕێبازەکەی خۆی بکات ! بەڵکوو ویستوویەتی؛ شێخانی تەریقەتی قادریی؛ بە هەڵەشە و نەزان و دەمشڕ و خەڵک ترسێن و خۆبەزلزان؛ تۆمەتبار بکات .

ئەگەر سەرنجیش بدەیت؛ (مەحویی) ئەم شیعرەی لەسەر وەزن و شێوازی چوارینەکانی (خەیام) داڕشتووە، هەربۆیەش؛ منیش بەهەمان وەزن و شێواز شیعرێکم لەسەر شیعرەکەی ئەو وتووەتەوە و بەرپەرچم داوەتەوە :
(( شۆخێ بە ئینابەت؛ چووە لای زوهد فرۆشێ
بۆ ئەخزی تەریقەت؛ بە دڵی پڕ لە خرۆشێ
خۆش هاتە جەواب و وتی تۆ هەقتە، فەقەت من
دەمێکە؛ فرۆستوومە ئیمانم؛ بە قرۆشێ )) *١٤٦*

(مەحوی) لەم وەڵامدانەوەی من زۆر پەست ئەبێت، بۆیە ئەمجارەیان هەجوویەکی بێ پەردە و ڕووهەڵماڵراو لەحەقی من ئەنووسێت کە ئەمەیە:
((ئەو دەوێت بابەی کە خەڵقی ناوی نابەن بێ جەناب
ئەسڵ و فەسڵی گەر بزانی؛ واجیبە لێی ئیجتیناب
ئەکدەشی خینزیر و سەگ، مەعجوونی بەنگ و خەندەریس
داکی دایەڕێباریی، بابی بابیی قەحبەباب )) *١٤٧*

مەبەستی لەوەیە؛ من لەلای خەڵکیی ڕێزم زۆرە و خەڵک هەر بە (جەنابی شێخ ڕەزا) ناویان هێناوم . (مەحویی) زانیویە من ڕقم لە چیی ئەبێتەوە و بە کام چەقۆ؛ زیاتر زامی قووڵ دەختەوە، ئەو، منی بە هەمان ئەو شتانە ناساندووە؛ کە خۆم ڕقم لێیانە و هەجووشم کردوون؛ من چەندان جار هەجووی هەردوو ئاینزای (بابیی و کاکەیی) کردووە، (مەحویی) بنەچەی منی بردووەتەوە سەر ئەوان ! هەروەها زۆرجار کە هەجووی کەسێکم کرد بێت و زۆر پیس نیشانم دابێت؛ ئەوا کەسەکەم شوبهاندووە بە بەراز و سەگ، ئەویش هەمان شتی لە بەرانبەر کردوومەتەوە
.........................................

گەدایی: زۆر سەیرە ! بەڵام (دکتۆر مارف خەزنەدار) پێی وا بووە؛ (مەحوی) لەم شیعرەیدا هەجووی هەندێ ئاینی ناموسڵمانان یان دوور لە موسڵمانانی کردووە، دیارە نەیزانیوە؛ کە ئەوە هەجووە بۆ تۆ ! باشە، ئەدی جەنابتان وەڵامتان دایەوە ؟

شێخ ڕەزا: تەبعەن، وەڵامێکم داوەتەوە؛ کە پێی بتلێتەوە، ئەمەش وەڵامەکەی منە:
(( فەرمووتە؛ ئیجتیناب بکە لەو جەنابەتە
شێخم ! ئەگەر بزانی؛ جەنابەت، جەنابتە
پیر بووی و تەرکی ڕێوڕەسمی کۆدەکیبت نەکرد
هەر وا ئەزانی؛ ئەوەڵی عەهدی شەبابەتە )) *١٤٨*
.............................................

گەدایی: بەخوا زۆر سەیرە، ئەم شیعرە لە دیوانەکەتدا هەیە، بەڵام لەوێدا نووسراوە؛ بۆ (شێخ عەلی)ی برات وتووە *١٤٩* هەروەها (مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانیی)یش پێی وابووە، کە ئەو شیعرە هینی تۆ نییە *١٥٠* !!
بەراستی ماڵت ئاوابێت بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە

شێخ ڕەزا: بەڵێ؛ ئەو بەزم و ڕەزمەش لە سەردەمی پیرییدا ڕوویاندا، من و (مەحویی) هاوکوفی یەک بووین، ئەگەر سەرنج بدەیت وتوومە: (( پیر بووی و تەرکی ڕێوڕەسمی کۆدەکییت نەکرد )) .
.........................................................

گەدایی: ئەم ڕووداوەی کە تۆ باستکرد ، ئەوەمان پێ دەڵێت؛ کەواتە (مەحویی)ی شاعیریش، شیعری هەجووی هەیە و هەجووی کەسانی دیکەی کردووە ؟

شێخ ڕەزا: بەڵێ وایە، بەڵام ئەوە لە شیعری (مەحویی)دا کەمە و (مەحویی) بەزۆریی خۆی لە قەرە نەداوە، و لە کونجی وشکەسۆفێتیی خۆی خزاوە، دەنا بۆ نموونە (مارف بەگ)ێک هەبوو، کە ئەو مووچەی دابەش دەکرد، بەهۆی دواخستنی مووچەوە؛ من و (مەحویی)یش ڕەخنەمان لێی گرتووە، (مەحویی) لەبەرەوەی کە مانگانەی خانەقاکەی بڕیوە؛ هەجووی کردووە و پێی وتووە:
(( ئەیا مارف بەگی عالەم؛ لەبەر دەستا هەموو مەزڵووم
لە حەققی خۆی؛ ئەتۆ ئەم خانەقایەت کرد ئەوا مەحرووم
بە کول دنیا؛ بەکامت بێ، هەتا هەی سادە؛ ڕۆژی حەشر
خودای ئەم عالەمە؛ (بالکل) لە غوفرانت بکا مەحرووم )) *١٥١*

منیش؛ بەهۆی ڕاگرتنی مووچەکەمەوە: هەجووی (مارف بەگ)م کردووە و وتوومە:
(( بەمارف بەگ بڵێن قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە
زمانی من؛ کە بۆ ئەعدا؛ وەکوو مارێکی زوححاکە
هیجا مەزمووومە، توخوا لیم گەڕێن، با تۆبە نەشکێنم
( و لا تلقوا بایدکم ) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی کانوون و شوباتم تا بەکەی نادا ؟
کە ئازاری (ڕەزا)؛ عەینی سمووم؛ تەحسیلی تریاکە )) *١٥٢*
.................................

گەدایی: کەوایە ئێوەش لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە مووچەتان بۆ بڕابووەوە ؟

شێخ ڕەزا: لەلایەن حکومەتی ڕۆمەوە موچەیەکی تایبەتیی ئەدرایە هەندێک کەسی ئاینیی و سیاسیی و خاوەن نفووس و ناوبانگ، (مەحویی)، هەر لەگەڵ بنیاتنانی خانەقاکەیەوە، مووچەی خۆی و خانەقای بۆ بڕابووەوە، بەڵام من، لە سەردەمی پیریی و کەلەلاییمدا دایانمێ و لەچاو خەڵکی دیکەشدا؛ مووچەکەی من زۆر کەم بوو، کە هەر دواتر خۆم وازم لێ هێنا و منەتم پێی هەڵنەگرت، وازهێنانم لەو مووچەیە؛ وەک ناڕەزایی دەربڕین بوو؛ بەرانبەر حوکمی ڕۆم لە ئەنجامدانی زوڵم و زۆر و ناحەقیی و کاری ناڕەوا . لە نموونەی ئەو کارانە؛ کوشتن و سزادانی چەندان کەس بوون لە هاوەڵ و خۆشەویستانم، کە هەموویان کەسایەتی دیاری سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام قینی من بە تەواویی ئەوکات تەقییەوە؛ کە حکومەتی ڕۆم؛ سەرۆکی عەشرەتی ئاکۆیان کوشت، کە ئەمەش دوای چەندان کوشت و بڕۆ و تاڵان و سووتان و شەڕ و ئاژاوە بوو، کە حکومەتی ڕۆم؛ لە کوردستاندا ئەنجامی دا ، هەر لەپێش کوشتنی سەرۆکی عەشرەت ئاکۆش؛ چەندان کارەساتیان لە کوردستاندا قەوماند و لە زۆر شوێن؛ کوشتارگەیان دامەزراند، هەر لەو ساڵانەدا؛ لە ناوچەی (کۆیە، ڕانیە، پشدەر،...) و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان؛ دووبارە بوویەوە *١٥٣*، تەنانەت (ئەختەر)ی شاعیریش؛ لەسەر ناڕەزایی دەربڕین لە کاری دزێوی تورکەکان؛ لەو ساڵەدا ؛ تووشی دوورخستنەوە لە خاکی خۆی بوویەوە *١٥٤*، هەر بۆیە بڕیارمدا؛ مووچەی ئەو حوکمەتە زاڵم و ستەمکار و جەللاد و خوێنڕێژە؛ وەرنەگرم ، ئەو بڕیارەشم لە کۆتایی شیعرێکدا؛ بەیانکردووە، کە لە شین و ماتەمی سەرۆک عەشرەتی ئاکۆدا وتوومە:
(( ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم؛ (ڕەزا) ئومێدی ئاسایش
لەپێش ئەم کارەدا؛ ئومێدی تۆ بەو؛ پارچە نانێ بوو ))*١٥٥*
ئیدی وازم لەو پارچە نانە هێنا و ئەو مووچە و خێرپێکردنەی حوکمەتی ڕۆمم نەویست، کە لە تاڵان و بڕۆی ڕەش و ڕووت و ڕەنجی شانی خەڵک بە ناڕەوایی کۆی بکاتەوە .

.....................................

گەدایی: جەنابتان فەرمووتان؛ ((من هەجووی شای ئێرانم کردووە و خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕیوە لە مردنی؛ بەڵام (مەحویی) نەیکردووە)) ئەگەر مەبەستی جەنابتان لەو چوارینەیەیە کە دەڵێت:

(( ئەهلی عیبرەت؛ ماوە گەر؛ بێ با سەیری (ناسر شا) بکات
دوو لە دوو سی کەم؛ شەهی کرد و (کش)ێکی ڕێ نەهات
(هات)ی وا؛ سەیری نەهاتیی کەن؛ کە سەد تیپ و سوپا؛
پاسەوانی بوون؛ لەنێو بەستا؛ پیادەیێ کردی (مات) )) *١٥٦*

ئەوا هەرچەند لە دیوانی شیعری بەڕێزتاندا هەیە؛ لە دیوانی مەحوییشدا هەیە و بە هینی ئەو زانراوە ؟

شێخ ڕەزا: ئەو شیعرە هینی منە، (مەحویی) لە شیعرەکانییدا؛ بە دەگمەن (ناو)ی هێنابێت؛ هەروەها من تەعبیرەکانی نێو شیعرەکەم لە شیعری دیکەشدا بەکارهێناوە، بۆ وێنە:

(( چشم عبرت برگشا و قدرت حق را ببین )) *١٥٧*

یان لە جێیەکی دیکەدا :

(( چاوی عیبرەت دانەوێنن؛ هەر لە سوورقاوشانەوە
ئاوی سووری ئێمەیە، ئەڕژێتە ناو (زێ) تانەوە )) *١٥٨*

بەدەر لەمە من هەر بەخۆم پاڵەوانی یاری شەتڕەنج بووم و لە چەندان شیعری دیکەدا باسی شەتڕەنجم کردووە و وشەکانی نێو یاری شەتڕەنجم بەکارهێناوە .

(( بر قوی نامی قازانمقذە (رضا) فائدە نە
استخوان ریزەء شطرنجە دخی شاە دینر )) *١٥٩*

واتە؛ کە بە ناوی ئیما ڕەزاوە ناونراوم؛ چ سوودێکی بۆم هەیە ؟! خۆ بە داشێکی بێ ڕۆحی شەتڕەنجیش کە لە ئێسقان درووستکراوە؛ دەڵێن (شا) !

یان لە سوپاسنامەم بۆ (مستفا پاشای بابان) کە تاقمێک شەتڕەنجی بۆ ناردووم؛ وتوومە:

(( هدیە ات را بە جان قبول کنم
گر چە یک ریزە استخوان باشد)) *١٦٠*

واتە: دیارییەکەت بە دڵ و گیان وەردەگرم؛ هەرچەند دیارییەکە دەستە ئێسقانێکیش بێت ! ( داشەکانی شەتڕەنج؛ بە زۆریی لە ئێسقان درووست ئەکران )

یان :

(( لە بەگ وا بوو؛ کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام؛ ئەو دا بوو فشی کرد )) *١٦١*

یان لە سەرەتای شیعرێکی فارسییدا؛ کە پێنجەکیی(تخمییس)ە لەسەر شیعرێکی (مەسیح)ی شاعیر وتوومە:

(( در باغ خیال تو؛ دلم گشت گهر سنج
مهرت بە دلم نقش کشید است، چو شطرنج )) *١٦٢*

واتە : لە باخی خەیاڵی تۆدا؛ دڵم بوو بە گەوهەری بەنرخ، ئەوینی تۆ لە دڵمدا نەقشی بەست، هەروەکوو نەقشی سەر شەتڕەنج .

.....................................